# ئۆکتۆبەر

www.hkkurdistan.org

ژمارە (43) 31/12/2009 بڵاوکراوەیەکی سیاسییە، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان دەریدەکات مانگی دووجار، لە (1)و(15)ی هەموو مانگێکدا دەرئەچێت


## ساڵی نوێتان پیرۆزبێت

# بەڵێنەکان درۆ دەرچوون.... تەنها ڕێگای بەدیهاتنی داخوازییەکانمان هێنانە مەیدانی بزوتنەوەی جەماوەری سەربەخۆمانە!

## خواست و ناڕەزایەتی و خەڵکی شارۆچکەی پیرەمەگرون، بەرهەقە!

ئەمرۆ چوارشەممە ڕێکەوتی 23/12 خەڵکی زەحمەتکێشی شارۆچکەی پیرەمەگرون بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی هێزی جەماوەری خۆیان هێنایە بەرامبەر سەرۆکایەتی شارەوانیەوە و بۆبەرپەچ دانەوەی تۆمەت و قسە پڕوپوچەکانی سەرۆکی شارەوانی کەلەکەناڵی تەلەفزیۆنی نەورۆزەوە دەرهەق بەدانیشتوانی ئەم ناوچەیە کردبووی، بەبەستنی ڕێگای نێوان سلێمانی و قەلادزە گەیشت و لەبەرامبەریدا دەسەلاتاران وەک پیشەی هەمیشەیی‌یان بەهێنانی پۆلیس و ئاسایش و هێزی چەکداریان کەوتنە ترساندن و تەقەکردن لەخەڵکی ناڕازی، تا لەمرێگایەوە بەر بەشەپۆلی توڕەیی و بێزاری خەڵکەکە بگرن. ئەمە لەکاتێکدایە کەخەڵکی زەحمەتکێشی چارۆچکەی پیرەمەگرون چەندین جارە ناڕەزایەتی و بیزاری خۆیان سەبارەت بە بارخراپی ئاستی خزمەتگوزاری لەم ناوچەیەدا بەڕووی دەسەلاتداراندا دەربڕیوە و ئەوانیان لەخواستەکانی باشکردنی ئاو وکارەبا و خانوبەرەو ڕێگاوبان و تەندروستی ئاگادارکردۆتەوە. بەلام پشتگوێ خستن و بەپیرەوە نەهاتنی دام ودەزگاکانی حکومەت و بەفەرامۆش سپاردنی ژیانی ڕۆژانەی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە، سەرەڕای بەڵێن و وەعدەکانی سەردەمی هەلبژاردنەکان، بەناچار خەڵکی ئەم ناوچەیەی لەحاڵەتێکی ناڕەزایەتی بەردەوامدا ڕاگرتووە و هیچ بوارێکی لەبەردەمدا نەهێشتونەتەوە جگەلەوەی کەپەنابۆ خۆپیشاندان وهێنانەمەیدانی ڕیزی جەماوەری خۆیان بەرن.

ناڕەزایەتی خەڵکی شارۆچکەی پیرەمەگرون گۆشەیەک لە ئیعتراز و ناڕەزایەتی خەڵکی سەرجەم شارەکانی کوردستان بەڕووی نەبوونی خزمەتگوزاری و بەتەنگەوە نەهاتنی دەسەلاتداریێتی بۆرژوازی گەنەدەڵی بزوتنەوەی کوردایەتی دەخاتەڕوو کە لەلایەکەوە خەریکی دزی وگەندەڵی و گیرفان پڕکردن وپێکهینانی ژنانی فیرعەونانەن بۆخویان ولەلایەکی تریشەوە ڕاگرتنی خەڵکیان لەبێدەرەتانی و نەبوونی خزمەتگوزاریەکاندا کرۆتە کارنامەی سەرەکیان. خەڵکی زەحمەتکێشی شارۆچکەی پیرەمەگرون و باقی شارەکانی تری کوردستان بەو ڕاستیە ئاشنان کەسامان و داهاتی کۆمەڵگای کوردستان لەدەستی تاقمێکی کەمی مشەخۆر وچەک بەدەستی هەردوو حزبی میلیشیایی‌دا قورغکراوە و لەولاشەوە زۆرینەی خەڵکی شەریف وئــــــــازادە

بۆ لاپەرە 2



## ساڵی 2009 ش ساڵی تراژیدیاو نغرۆبوون بوو!


حەمە غفور
hamagafur@gamail.com


لە نێوقەدی مانگی دیسامبەری ساڵی بەروودا قارەمانی یەکەمی دیموکراسی ڕۆژئاوایی (جۆرج دەبلیو بوش)لەپای ئەو فیردەوسە درۆیینەی دیموکراسی‌و ئەو چاڵە تاریکەی بۆ مافی مرۆڤ لە عێراق سازیکردبوو، وەکو وەفایەک بۆی جووتێک پێڵاوی گەورەی ڕۆژنامەنووسێکی عێراقی ئاراستەی سەرو سەکوتی کراو، دوایین ووتەو بەڵێن‌و فریودانەکانی لەنێو گەروویدا قەتیس مانەوەو شەرمەزارییەکی سەخت باڵی کێشا بەسەر قەدو باڵای لووتبەرزیی بێدربەست ترین سەرۆکی ئەمریکادا. ئەم ڕووداوە وەکو دوایین وێستگەی سەرۆکی دەوڵەتی ئەمریکا لە نێو مێژووی مرۆڤایەتیدا جێگیرو دەنگیدایەوەو هەموو هاوپەیمانەکانی ئەمریکاو نەزعەی ملهوڕیش لە جیهاندا تووشی شۆکێکی گەورە هاتن!

هەر لەو سەرو بەندەدا بوو لەنێو ژاوەژاوی بێنەزاکەتی ململانێی ئەحمەقانەی هێزە قەومی‌و ئیسلامی‌و تائیفیەکانی عیراقدا، بە کوردو عەرەبو ئەوانی تریشەوە، لەگەڵ ڕەتڵێدان‌و لارەلارەی قیافەی مردارەوەبووی دیموکراسی ئەمریکایی-کارەزای لە ئەفغانستان، جەستەی شەکەت‌و داغانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی خەریک بوو خۆی ڕاکێشێتە نێو ساڵی 2009وە، کە دامودەزگای تەحمیق‌و ئەفیونی تەبلیغاتی جیهانیی دایان لە دەهۆڵ‌و زوڕناو دەستیان کردە کەمپینێکی گەورەی جیهانی هەتا ئینسانیەت قەرزاربار ی هاتنەسەرکاری (باراک ئۆباما) وەکو سەرۆکێکی ڕەشپێست لە ئەمریکادا بکەن، لەکاتێکدا قارەی ڕەش، یانی ئەفریقیا لەنێو قووڵایی زەلکاوی تراژیدیای برسێتی، هەژاری، ڕۆژڕەشی‌و نابەسامانی‌و نەخۆشی ئایدزو مەلاریاو شەڕو نائارامیدا نوقومبووبوو، وە مرۆڤایەتی لەنێو شەڕو نائارامی‌و دابەشبوون بەسەر دوو کەمپی گەورەی چینی هەژاران‌و دەوڵەمەندانداو واقی وڕمابوو!

ساڵی 2009 هەر لە یەکەم ڕۆژەکانیەوە جگە لە تابلۆیەکی تر بۆ تۆمارکردنی تراژیدیاو کارەسات‌و نائومێدی‌و ڕەشبینیی زیاتر، ڕوویەکی خۆشی نیشانمان نەدا. بەدوای دەورو تەسلیمی کۆشکی سپی بە یەکەمین سەرۆکی ڕەشپێستی ئەمریکا، دەنگو سەدای هەرەسهێنانی (واڵ ستریت)و سەرهەڵدانی قەیرانی جیهانداگری ئابووری وەکو شەپۆلێکی مەزنی نغرۆبوونی زیاتر، بەشێوەی پەڵە هەورێکی چڵکنی مژدەدەری برسێتی زیاترو بێکاریی زیاترو خۆکوژی زیاترو قاتو قڕیی زیاتر....تد، لەسەر ئەم تۆپە خاکیە لەم کۆمەڵگا بۆ ئەو وڵات لەم گۆشەی جیهان بۆ ئەو پارچەی دیکەی کۆمەڵی مرۆڤایەتی تاوی سەندو ملیاردها ئینسانی هاویشتە ناو سوورێکی تر لە دڵەڕاوکێ‌و نائارامی‌و قەیرانی ژیانەوە. ئینجا ماسمیدیای جیهانیی کرانە مینبەری ووتاری سەرۆکی وولاتان، لێدوانی شارەزایانی بواری ئابووری- سیاسی، پرۆفیشناڵەکانی بواری ڕەواندنەوەو پاڵپێوەنانی گومان‌و بەدگومانیی، هەتا مرۆڤایەتی لەگەڵ باری سەخت‌و گرانی ئاکامەکانی هەرەسی بانکەکانی ڕەهن‌و بانکەکانی قەرزو ئەوانی تردا ئاشناکەن. یاخود باشترە بڵێین؛ هەتا مرۆڤایەتی لەگەڵ ئاکامە چارەهەڵنەگرەکانی سیستەمی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا، کە هەر دەورە نا دەورەیەک ئەزمەو قەیرانێکی کوشندەو سەرتاپاگیر ئاوقەی ئینسانیەت دەکات، ئەویش لە پای ئاراستەو مەیل‌و نەزعەی قازانجپەرستانەی ڕژێمی ئابووری کاپیتاڵیستیدا، ڕامبێنن.

هەر ئێستا ئاماری بێکارسازی، هەژاری، خودکوژی‌و ڕووکردن لە مادەهۆشبەرەکان ڕوو لە چڵەپۆپەیە! دەسوالابوونی

بۆ لاپەرە 2

## خەلک سواڵکەرنیە تا بەوشیوەیە بایەعی وەربگرن!

ناڕەزایەتی هاولاتیانی شارەکانی کوردستان بەدژی بارخراپی مەوادی خوارکی ڕوولە گەشەیە. ئەمە لەکاتێکدایە کەبەپێ‌ی بڕیارێکی نەتەوە یەکگرتووەکان مەوادی خوراکی بەخوڕایی بەپێ‌ی بڕیاری نەوت بەرامبەر بەخۆراک بەسەر هاولاتیاندا دابەش بکرێ، بەلام هاولاتیان بەهۆی خراپی چۆنایەتی ئەم مەوادانەو دابەش نەکردنی بەشێوەیەکی ڕێک وپێک کەوەلامی پێداویستیەکانیان بداتەوە بەردەوام ڕق وبێزاری دەردەبڕن، بۆ نمونە لەم ساڵدا، ماوەی پێنج مانگ برنج کەمەوادێکی خوراکی سەرەکیە دابەش نەکراوە بەسەر هاولاتیاندا هەروەها شیرو سابوون دوومانگە نادرێت بەهاولاتیان باقی مەوادەکانی‌تر وەک ئارد وڕۆن لەجۆرێکی زۆرخراپەو بەکەڵکی خواردن نایەت بۆیە هاولاتیان دوای وەرگرتنی بڕەکانیان دەیفرۆشنەوە و سودێکی ئەوتۆی لێوەرناگرن. بەلام کارەسات بەمەندەوە ناوەستێ، وەرگرتنی پارەیەک لەبری گواستنەوەی ئەم مەوادانە لەهاولاتیان و نەدانی گەلێک مەوادی پێویستی تر وەک گوێزان وشیری مناڵ و جۆرەکانی پاکژکردنەوە، بەتەواوی ئەم بڕە مەوادانەی کەم وناچیز کردۆتەوە. لەمبارەوە هاولاتیان بەناڕەزایەتیەوە سەیری بڕی مەوادی خۆراکی بایەعی دەکەن و پییان وایە دەسەلاتداران سواڵیان پێدەکەن! بەتایبەتی کەزۆر جار مەوادی ئێکسپایەر وبەسەرچوو وەردەگرن و توشی نەخۆسیان دەکات. ئەمە لەکاتێکدایە کەدانی ئەم خوراکانە بەرامبەرە بە داهاتی نەوت و مافێکی ڕەوای خەڵکە کەبەخۆڕایی دەستیان بەم مەوادانە ڕابگات. لەڕاستیدا واقعیەتی سیستەمی بایەعی و حاڵەتێک کەهەیەتی گۆشەیەک لەدیاردەی گەندەڵی ودزینی قوتی خەڵک لەلایەن دەسەلاتداران و کۆمپانیاکانی بازرگانی کردن بەخۆراکی خەڵکەوە دەخاتەڕوو. هەربۆیە خەڵکی کوردستان بۆئەوەی ڕێگا لەم بارخراپیەی خۆراکی بایەعی بگرن وچی تر وەک سۆڵکەر مامەڵەیان لەگەڵ نەکرێ، دەبێ یەخەی دەسەلاتدران بگرن و نوێنەرانی خۆیان بهێننە مەیدانەوە وسیستەمی وەرگرتن ودابەشکردن وچاودێری کەری ئەم مەوادانە بێنە مەیدانەوە و بڕەخۆراکی خۆیان لەدەستی دەسەلاتداران و گەندەڵچیان دەربهێنن.



## ناڕەزایەتی خەڵک لەدژی بارخراپی خزمەتگوزاریەکان، دەسەلاتداران دەخاتە حاڵەتی ئامادە باشییەوە!

بەدوای هەستانی خەڵکی شارۆچکەی پیرمەگرون ،بەدژی بارخراپی خزمەتگوزارییەکان ونەبوونی ئاو وکارەباو ڕێگاوبان و خزمەتگوزاری تەندروستی‌یەکان.. بەشێکی زۆر لەدانیشتوانی ناوچەکانی سەربە پارێزگای سلێمانی کەوتونەتە خۆیان وحاڵەتێکی ناڕەزایەتیان بەخۆە گرتووە.

**لەناوچەی سەید سادق و عەربەت:**
دەنگوی خۆپیشاندان و دەربڕینی ناڕەزایەتی بەدژی خراپی باری خزمەتگوزاریەکان، ماوەی چەند ڕۆژێکە دانیشتوانی سەید سادق وعەربەتی هێناوەتە پێشەوە. کۆروکۆمەڵی لاوان و هەڵسوراوانی جەماوەری لەڕاوێژدان بۆئەوەی ڕێگای گونجاو بۆ خستنەڕووی داواکانیان بگرنەبەر، لەبەرامبەریشدا قایمقام و دام ودەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش کەوتونەتە خۆیان و هێزێکی زۆری چەکداریان خستۆتە نێو شەقام شوێنە گرنگەکانەوە تا ڕێ بەهاتنە مەیدانی خەڵک بگرن.

**گەرمیان:**
لەناوچەی گەرمیانیش بەهەمان شێوە خەڵکی ئەم ناوچەیە لەڕێگای ڕێکخراوە مەدەنیەکان ودەستەکانی ناڕەزایەتی جەماوەرەوە لەخۆئامادەکردنی پێداویستیەکانی

بۆ لاپەرە 2

## شەپۆلێکی کوشتن و تیرۆر، شاری سلێمانی دەگرێتەوە!

لاپەرە 8

# تکایە فریوی دەسەلاتدارانی تیرۆریزمی جمهوری ئیسلامی ئیران مەخون!!

## نامەیەکی کراوە بۆ سەرۆکی پۆلیسی ئەنتەرپۆلی ئەوروپا

بەریزان:

لەسایتەکەی ئیوەوە ئاگاداربوینەوە کەلەسەر داوای پۆلیسی کۆماری ئیسلامی ئیران ژمارەیەک لەتیکۆشەرانی ئۆپۆزسیونتان خستۆتە نیو لیستی تیرۆریستانەوە، بەتایبەتی ئەندامان و دۆستانی حزبی کۆمۆنستی کریکاری ئیران- حکمەتیست. گوایە دەسەلاتی مەلاکانی ئیران کەهیچ بوارو ئاستێکیان بۆئازادی هەلسورانی سیاسی ئۆپۆزسیون نەهیشتۆتەوەو رۆژانە پەتی سیدارەو گوشتن و تیرۆری

ئازادیخوازانی کردۆتە کارنامەی رەشی خۆی، لەدادگای تاوانکاریاندا ئەم تیکۆشەرانەی دادگاکردەوە و تۆمەتی تیرۆریستی خستۆتە پالیان بەبی ئەوەی لانی کەمی فرسەت و مافی داکۆکیکردن لەخۆیان هەبی و ئێوەش لەسەر ئەم بنەمایانە ناوی ئەوانتان وەک کەسایەتی داواکراو خستۆتە لیستی خۆتانەوە و لەسایتەکەتاندا بلاوتانکردۆتەوە.

ئەم کارە جگەلەوەی دەستگیرۆییەکی ئاشکرای کۆماری ئیسلامی ئیران و تاوانەکانیەتی، جگەلەوەی هەولیکە بۆ بەرەسمیەت ناسینی کارنامەی رەشی پر لە تیرۆرو کوشتن و لەسیدارەدانی هەلسوراوانی ئۆپۆزسیۆن وموخالیفی ئەم رژێمە سەرکوتگەرە، راستەوخۆ پیچەوانەیە بەمافی ئازادی هەلسورانی سیاسی و خەباتکردنی تیکۆشەران لەدژی هەر رژیمیکی ئینسان کوژو سەرکوتگەر.

ئیمە لەکوردستانی عیراقەوە ئاگاداری کارنامەی لەسیدارەدان وتیرۆرو کوشتنی ئازادیخوازان و رژیمیک هەین کە چۆن بەردەبارانکردنی ژنان و زیندانیکردنی هەلسوراوانی بوواری خەباتی مەدەنی لەخوێن هەلکیشاوە. لەولاشەوە ئیمە ئاگاداری ئەوەین کەتیکۆشەرانیک کەئیوە ناوتان خستۆتە لیستی داواکراوی خوۆتانەوە، خەباتگیرانیکی ئاوارەو ریگە پینەدراوی هەلسورانی سیایی ژیرسایەی دیکتاتۆرەیتی ئیسلامین. بۆیە بەم کارەتان تاوانیکی گەورە دەرهەق بەمافەکانی ئینسان و خەلکی نارازی ئیران دەکەن، کەدیارە ئەنجامەکەی بەشەرمەزاری و ریسوابوونی دەزگاکەتان تەواودەبیت، هەربۆیە من لەحزبی کۆمنیستی کریکاری کوردستانەوە داواتان لیدەکەم کەفریوی ئەم پیلانە مەخون و مەبنە شەریکی تاوان و تیرۆریزی کۆماری ئیسلامی ئیران. خەلکی ئازادیخوازی ئیران بریاریانداوە کە بەخەباتی مەدەنی وشۆرشگیرانەی خۆیان درەنگ یانزوو کۆتایی بەدەسەلاتی نەگریسی ئیسلامی لەئیران بهیین.

بیگومان ئەم کردارەی پۆلیسی ئینتەرپول زەنگی لیدانی مەترسی ئەو دەزگایە نیشان ئەدات بۆ هاوکاری کردنی بە هەموو ئەو رژیمە سەرکوتکەرانە کە بە دوای نەیارانی خۆیانەوەن تا بە ناوی تاوانباربونەوە دەستگیریان کەن، ئەمە هەولو هەنگاویکی مەترسیدارە پولیسی ئینتەرپول دەینێت، کە لە تەواوای دنیادا بەر بە هەناسەی ئازادی سیاسی دەکرێت و دەیکاتە بەشیک لە دەزگا سەرکوتکەرەکانی ئەو رژیمانە، بۆیە ئەم کارە مەحکومەو دەبێت دەست بەجێ راگیریت و ریسواکرێت.

پێوستە پۆلیسی ئینتەرپول دەست بەجێ لە ناساندنی ئەو ناوانەی لە جمهوری ئیسلامی ئیرانەوە وەری گرتوون و بە تاوانبار ناوبراون پەشیمان بونەوەی خۆی راگەیەنێت، لە هەمان کاتدا سەوداوو مامەلەی لە گەل جمهوری ئیسلامی ئیراندادا راگرێت.

**عوسمان حاجی مارف**
**سکرتیری کۆمیتەی ناوەندی**
**حزبی کۆمۆنستی کریکاری کوردستان- عیراق**
23/12/2009

# درێژەی .. ساڵی 2009 ش ساڵی تراژیدیاو نغرۆبوون بوو!



سەرمایەدارانی گەورەو گچکەو دەولەتانی دنیا بۆ پەلاماردانی دەسکەوتە ماددیو مەعنەویەکانی مرۆڤایەتیو لێسەندنەوەو کەمکردنەوەی خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان ئاکامێکی تری ئەم قەیرانە ئابوریەیە. ساڵی 2009 ساڵی سکهەڵگوشینی مرۆڤایەتی بوو لەپێناو سەریەک نانەوەو سازماندانەوەی بانکەکانو سیستەمی کاپیتالیستی جیهانیو دەسەڵاتدارێتی بۆرژواییدا! بێگومان ئەم قەیرانە بەردەوامەو گەلێک توندترە لە قەیرانی ساڵەکانی دەیەی سییەکانی سەدەی ڕابردوو.

سەرباری هەر هەراو زەنایەک کە بۆرژوازیو دامودەزگای تەبلیغاتی جیهانیی، بە بەشداریو سەهمی کۆمپانیا گەورە وەبەرهێنانەکان بە ڕێکلامە سەرسووڕهێنەرەکانیان ئەیکەن بۆ ئارامکردنەوەو ئاوێزانکردنی بەشی هەرە گەورەی مرۆڤایەتی لەگەڵ ڕژێمی قەیرانگرتووی سەرمایەداریدا، سەرەڕای هەر هەڵپەیەک بۆ کۆکردنەوەی چینە کۆمەڵایەتیەکان لە ناو خێزانێکدا بەناوی کۆمەڵی حازرو کۆمەڵی سەرمایەداریەوەو شاردنەوەی ڕوخساری چینایەتی مرۆڤایەتیو چکۆلەکردنەوەی ئاراستەی عەدالەتخوازیو یەکسانخوازیو ڕەهەندی ناڕەزایەتیو نەفرەتی گشتی لەدژی دەسەڵاتو سەروەریو ستراکتووری بۆرژوازی، بەڵام تارمایی کۆمۆنیزم، تارمایی قیافەی شۆڕشی کۆمۆنیستیو کرێکاری، لەژێر ناوی کارڵ مارکس، ئۆلیانۆف ئیلیچ لینین، کاپیتاڵو سیمبۆلەکانی ڕەوتێکی دیکەی مرۆڤایەتیدا بەردەوام لە ویژدانی ئینسانی ئەم چەرخەو لە ویژدانی کۆمەڵی مرۆڤایەتیدا بە زیندوویی ئەهێڵێتەوەو ئاراستەیان ئەکات!

هەر بۆیە لەگەڵ نەشرکردنی هەواڵی قەیرانی دارمانی (واڵ ستریت)، کێرڤی فرۆشی کتێبی کاپیتاڵی کارڵ مارکس، کە تەنها ڕەخنەی مارکسیستیە لە ڕژێمی سەرمایەداریو نیشاندانی ڕێبازی بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی یەکسانو بێ چینو چەوسانەوە، لە نێو لاوانی ئەوروپادا گەلێک بەرز بۆوەو تەنانەت میدیای باویش نەیتوانی خۆی لە گواستنەوەی هەواڵی ئەم بەرزبوونەوەیەی فرۆشی کاپیتاله ببوێرێت!

ساڵی 2009 بۆ خەڵکی کوردستانی عێراقیش جگە لەو شتانەی باسم کردن، جگە لە ئاڵوگۆڕە سروشتیەکانی نێو پەیوەندیە ئینسانیەکانی خۆیان، لە چەشنی گیانلەدەستدانی ئازیزانێکیان لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە هاتنەدنیای کۆمەڵێک خونچەی نوێ بۆ نێو ژیانی هاوچەرخ، شتێکی نوێ، دیاردەیەکی تازە کە جێگای باسکردن بێت بەدیناکرێت. بەڵام قەیرانی سیاسیو ڕۆچوونی حیزبەکانی جووڵانەوەی کوردایەتی لەنێو زەلکاوی ململانێی بێئاکامی نێو ساحەی سیاسی عێراق لەژێر پەردەی فیدراڵیزمێکی کارتۆنیو نەزۆکدا، بەداخەوە هێشتا ڕەسمی نەخشەی ژیانی سیاسی کۆمەڵایەتی ئەم دەڤەرە ئەکاتو لەگەڵ ئەوەشی کە هەڵبژاردنی پارلەمانی کوردستانیان لە تەممووزی ئەمساڵدا تێپەڕاندو لەو سەری سندوقەکانی دەنگدانەوە کارتو مۆری دەسەڵاتدارێتی خۆیان دووبارە دەرهێنایەوە، وا دیسان وورووژمی بەشداری کردن لە هەڵبژاردنی پارلەمانی عێراقیان تاوداوەو بەنیازن خەڵکی کوردستان بکەنەوە بە دەسمایەی شەریکبوونیان لە دەسەڵاتی ناوەندی بۆ ئەم حزبانە لە بەغدا. بەڵام بە دڵنیاییی نەیانتوانیوە وەکو بۆرژوایی کوردی بە ڕەوتەکەی نەوشیروان مستەفاشەوە، سنوورێک بۆ دەریای نەفرەتو بێزاریی گشتی بەرامبەر بە دەورو دوکانیان دابنێن! حزبەکانی کوردایەتی لەسەر تەنوورەی ڕقی جەماوەری دانیشتوونو درەنگ یان زوو بەڕوویاندا ئەتەقێتەوە.

دیاردەی گەندەڵی کە بە جۆرێک بوویە کێڵگەی سەرهەڵدانی ڕەوتی گۆڕانو جیناحی نەوشیروان مستەفاش، هەروا لەجێی خۆیدایەو یەک سانتیم دەسەڵاتی کوردی بە ئاراستەی چارەسەریدا نەچۆتەپێشەوە! حیکمەتو هونەرێکی گەورەی جوولانەوەی کوردایەتی تا ئێستا گەندەڵی لە کوردستانو پەیدابوونی هەزاران ملیۆنێرو لکاندەوەی کوردستان بە عێراقەوە بووە. زیاد لە هەژدە ساڵە خەڵکی کوردستان لەگەڵ ئەم دەردەدا دەستوپەنجە نەرم ئەکەن! ناڕەزایەتی بەوپەڕی گەیشتووەو ئەڵتەناتیڤیش تەنها کۆمۆنیستی کرێکاری ئەبێت ئەگەر بێتو خەڵکی کوردستان کانسی پێبدەنو لەدەووری سیاستەکانی کۆببنەوە! بە تایبەت سیاسەتی جیاکردنەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەوڵەتێکی غەیرە قەومیو سکۆلار کە هیچ ناسنامەیەکی درۆیینە جێی نابێتەوە جگە لە ناسنامەی هاووڵاتیبوون تیایدا!

من لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان وێڕای پیرۆزبایی گەرمی خۆم لە سەرجەم هاوڵاتیانی کوردستانی عێراق، ئومێدەوارم ساڵی نوێ، ساڵی 2010 کە بە ڕێنووسی لاتینی ژمارەیەکی گەلێک جوانە، ساڵی ستارتێکی نوێو هەڵبژاردنێکی نوێ بێت بۆیان. هیوادارم ساڵی ڕەوینەوەی خۆشباوەڕی بێت بە کوردایەتیو بە فیدراڵیزمی قەومی یەکێتیو پارتی، وە ساڵی ڕووهێنانیان بێت بۆ لای حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری.

26دیسامبەر2009

# درێژەی .. ناڕەزایەتی خەڵک لەدژی بارخراپی ....

هێنانەمەیدانی ناڕەزایەتی جەماوەریدان. لەم بارەوە عەدنان قوربانی نوێنەری ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی، ڕایگەیاندووە کەسێ کەمپیان لەقەزاکانی کەلارو کفری وناحیەی ڕزگاری وەک ئامادەکاریەک بۆسازدانی خۆپیشاندان لەم ناوچانەدا ڕێکخستووە. بەتایبەتی ئەگەر حکومەت وەلام بەداخوازیەکانیان نەداتەوە.

**پشدەرو بتوین:**

ڕۆژی 24/12/2009 نزیکەی 200 کەس لە دانیشتوانی گوندی باوەزوێ سەر بە ناحیەی ئیسێوەی قەزای پشدەر, بۆ ناڕەزایەتی دەربرین بەرامبەر نەبوونی ئاوو کارەبا لەگوندەکەیاندا , کە نزیکەی 200 ماڵ دەبێت. خۆپیشاندانێکیان بەڕیخست بۆ بەردەم بەڕێوەبەرایەتی ناحیەکە. لەکاتی ئەم خۆپیشاندانەدا تەنها بەرپرسانی ئاسایش ئامادەبوون و هیچ بەرپرسێکی پەیوەندیدار بە خواستەکانی ئەوانەوە وەک مدیر ناحیەو بەڕێوەبەری فەرمانگەکانی ترئامادە نەبوون لەو شوێنەدا . خۆپیشاندانەکە بەشێوەیەکی ئارام بەڕێوەچوو وە لەکۆتاییدا بەرپرسی ئاسایش بەڵێنی دا کە خواست و داواکارییەکانیان بە بەرپرسانی ناحیەکە بگەیەنێت!!. شایانیباسە مەسعودبەرزانی بەدوای ئەم نارەزایەتیەدا بەمەبەستی هیورکردنەوە و ریگاگرتن لەتەنینەوەی نارەزایەتی خەلکی رانیەو قەلادزە و چوارقورنە سەردانی ئەم ناوچەیەی کردو رووبەرووی داواکاریەکانی خەلک بوەوەوە.

شایانی باسە ئەم حالەتەی نارەزایەتی جەماوەری کەبەشیکیزۆر لەناوچەکانی ژیرسایەی دەسەلاتی یەکیتی گرتۆتەوە نیشانەی بارخۆراپی وەزعی ژیان وگوزەرانی هاولاتیان و نەبردنەسەری ئەوبەلینانەبوو کە لیستەکانی بەشدار لەنیو هەلبژاردنی 25/7:2009دا بەخەلکیان دا.

# درێژەی .. خواست و ناڕەزایەتی و خەڵکی شارۆچکەی پیرەمەگرون،

بێبەرین لەسەرتایی ترین ئاستی خزمەتگوزاری. ئەم ناعەدالەتیەش بنەمای هەربزوتنەوەیەکی هەقخوازانەی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستانە. هاتنەمەیدانی خەڵکی شارۆچکەی پیرەمەگرون جاریکیتر ئەوڕاستیە دەسەلمێنێتەوە کەتەنها بەخەبات و هاتنە مەیدانی ڕیزی یەکگرتووی جەماەر دەتوانرێ ڕیشەکانی ئەم نایەکسانی و بێدەرەتانیە هەڵگەندرێ و دەسەلاتداران ناچار بکرێ بەباشکردنی ژنانی رۆژانەی هاولاتیان.

خواستەکانی خەڵکی شارۆچکەی پیرەمەگرون لەدابینکردنی خزمەتگوزاری وپێداویستیەکانیان، خواستێکی ڕەواو بەرهەقە. هەردەستەو تاقمێک کەئیدعای حکومەت و دەسەلات دەکات ئەرکیەتی ژیانی شارساتیانەو مەدەنی بۆهاولاتیانی بندەستی خۆی دابین بکات. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان بەتەواوی تواناوە لەپشت ئەم نارەزایەتەو خواستەکانی خەڵک ڕادەوەستێ وبانگەوازی ڕابەران و هەڵسوڕاوان و کەسایەتی ئەم ناڕەزایەتیەی شارۆچکەی پیرەمەگرون دەکات کەلەدەوری ئەم خواستانە کۆببنەوە و بەتیکۆشانی سەربەخۆی خۆیان بەر بەهەرپیلانێکی سەرکوتگەرانەی دەسەلاتداران بگرن:

- دابینکردنی دەستبەجێی خزمەتگوزارەیەکان ئەرکی دەسەلاتدارانە.
- دەست لەکارکێشانەوەی سەرۆکی شارەوانی و دادگایی کردنی، خواستی بەرهەقی خەڵکەو دەبێ دەسەلاتداران مل بەم خواستەی خەڵک بدەن.
- سپاردنی بەڕێوەبردنی ژیانی ئەم شارۆچکەیە بەنوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵک و کونترۆڵی بۆدجەو پرۆژەکان لەلایەن نوێنەرانی خەلکەوە تەنها وەلامە بەراگرتنی گەندەلی و بەفەرامۆش سپاردنی ژیانی ڕۆژانەی هاولاتیان.

تەواوی خەڵکی زەحمەتکیش وئازادیخوازی کوردستان ئەرکیانە بەشێوەی گونجاوی خۆیان پشتگیری لەخواستەکانی شارۆچکەی پیرەمەگرون بکەن وئەوان لەسەنگەری تنهاییدا رانەگرن.

**کۆمیتەی سلیمانی**
**حزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستان**
23/12/2009

## هــانــا

### بۆ وەرگرتن و کۆکردنەوەی ڕووداوەکانی توندوتیژی لەدژی ژنان

خوێنەرانی ئازیزی بلاوکراوەی ئۆکتۆبەر..

وەک کاری هەمیشەیی بلاوکراوەکامان هەوڵمانداوە بەردەوام گۆشەیەک لەتاوانەکانی کوشتن و توندوتیژی و خۆسوتاندنی ژنان بخەینەبەر دیدی ئێوە، دیارە ئێمە لەم کارەمان مەبەستمان نییە کەئازاری ئێوە بەخستنەڕووی کارەسات و ڕووداوەکانی نێو ئەم گۆشەیە بدەین، بەڵکو مەبەستی ئێمە لەوەیە کەواقعیەتە تاڵ و دژی ئینسانیەکانی کۆمەڵگای کوردستان بخەینە ڕوو وەبەردەوام هەڵسووڕاوانی بوواری بزوتنەوەی ژنان لەکێشەو گرفتەکانی ژنان، کەنیوەی کۆمەڵگان ئاگاداربکەینەوە و ئەو ڕاستەیە بخەینەبەرچاو کە ژیانی ژنانی کوردستان لەژێر سایەی دەسەلاتی کۆنەپەرستانەی ناسیونالیزمی کورددا هەرگیز بەرەو چاکسازی و بەدیهاتنی مافەکانی ئینسانی ژن ناگات. ئەمە وێرای هەرجۆرە ئیدعا و بانگەشەیەک کە دەسەلاتداران بۆ باشتربوونی ڕەوشی ژنان دەیدەن بەگوێی کۆمەڵگادا. لەلایەکی تریشەوە تەدوینکردنی ئەم ڕووداوانە کەرەسەیەکی لەبار دەخاتە بەردەم ئەوانەی لەبووارەکانی کێشەی ژنان و توندوتیژی خێزانی دا کاردەکەن. بەتایبەتی هەریەک لەهەواڵەکانی نێو ئەم گۆشەیە کارەسات و دەردو مەینەتیەکی تایبەت بەکێشەی ژنان دەخاتەڕوو..

ئێمە هەوڵدەدەین بەردەوام بین لەم کارەمان بەلام بێگومان بەبێ هاوکاری کۆمەلانی خەڵک و ئەوکەسانەی کەدەربەستن بەمەسەلەکانی ژنانەوە ناتوانرێ هەوڵەکانی ئەم گۆشەیە گشتی تر و کامڵ خۆی بنوێنێ بۆیە لێرەدا ژمارە تەلەفۆنی تایبەت ڕادەگەیەنین و داواکارین کە هەرکەسێک بیەوێت زانیاری لەسەر دۆخی ژنان و ڕووداوەکان بلاوبکاتەوە لەگەڵ ئێمە پەیوەندی بگرێ و هاوکاریمان بکات تا بەهەموو لایەک ڕاستیەکانی ڕۆژانەی ژنانی کوردستان بپارێزین و بیخەینە بەرچاوی کۆمەڵگا.. بۆئەم مەبەستەش لێرەدا ژمارە تەلەفۆنی تایبەت بەناوی "هانا" وە ڕادەگەیەنین و ئومێدەوارین هەموو لایەک لەکاتی پێویستدا پەیوەندیمان لەگەڵ بگرن. بەلێنیش دەدەین کە زانیاریەکان لای ئێمە بەئەمانەتەوە پارێزراو دەبن:

کەنالی پەیوەندگرتن.. ژمارەی تەلەفۆنی تایبەت: 07501515817

# بارزانی شکستەکانی پەردەپۆش دەکات!

## ” لە میانەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتوی عیراقدا “




**موزەفەر عەبدولاَ**

mozafar_as@yahoo.com


بە دوای چەند هەفتە لە کێشمە کێش و بێنە بەردە لە ژێر ناوی دارشتنەوەی یاسای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عیراق، کە بڕیار بوو لە مانگی جەنیوەری 2010 ساز بدرێت، ئەخیرەن پاش پرس و ڕاکردنی هەموو سەرۆک تایەفەکان و عەشیرەتەکان_ئەوەی کە ناویان ناون حزبی سیاسی_ بە ڕژێمە گوی لە مستەکانیان لە ناوچەکە، پاشان لە ژێر فشاری دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکا دا گەیشتنە جۆرێک لە ڕێککەوتن .لەم نێوەدا هەوڵیان دا دڵی سەرۆک تایەفەی سونی یەکان تاریق هاشمی ڕازی بکەن پاش ڤیتۆ کردنی بۆ ڕەشنوسی یاسای هەڵبژاردنەکە.بەلاَم ئەم ڕازی بونەو ئەم ڕێککەوتنە لە ئاکامدا پاشەکشەیەکی گەورەی سەرجەم لیستە قومی و ئیسلامی یە کوردی یەکانی بە دوادا هات.کە جگە لەوەی ژمارەی کورسی یەکانی ئەم حزبانەیان داشکاند هاوکات کەوتنە فرت و فێڵ کردن لێیان لەسەر هەندێ ناوچە کە هەمیشە ناکۆکی یان لەسەر هەیە ، بەمەش پاشەکشەیەکی گەورەیان بە سەرانی ئەم حزبانە کرد و پاشان وادەی هەڵبژاردنەکانیان لە مانگی جەنیوەری یەوە بۆ 7-3-12010 گۆڕی .

پاش ئەم شکستە گەورەیە بە سەرانی ئەم حزبە قومی و ئیسلامی یانە، بە دان پیانانی خودی بەشێکی زۆر لە سەرانی ئەم حزبانەو ئەندام پەرلەمانەکانیان لە بەغدا، کەچی مەسعود بارزانی بە وێنەی سەرۆکی هەرێم کەوتوتە زوڕنا ژەنین و هەڵپەرین ،و دەیەوێت ئەم شکست و پاشەکشەیەی خۆیان پەردەپۆش بکات، ئەویش تەنها بەوەی ئۆباماو جۆن مەکەینی جێگیری ڕاستەوخۆ بە تەلەفۆن قسەیان لەگەڵ دا کردەوەو وادەو بەڵێنیان پێداوە کە ئەمریکا هەردەم پشتوانی یان دەکات، هەروەک بارزانی لە وتارەکەی بۆ خەڵکی کوردستان لە ناوەڕاستی ئەم مانگە ڕایگەیاندو هاوکات ئەم هەفتەیەش لە چەند بۆنەی تردا، بە تایبەتی لەسەردانی بۆ ناوچەی پشدەرو قەلادزێ، ئاماژەی پێدایەوە.

هەڵبەت بە جیا لەوەی کە هیچ کات سیاسەت و ئامانجی دورو نزیکی ئەم حزبانە بە قومی و ئیسلامیانەوە، بە پۆزیسیۆن و ئۆپۆزیسیۆنانەوە ،لەگەڵ بەرژەوندی یەکانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان یەک ناگرنەوە بەلاَم واقعیەت ئەوەیە ئەم پاشەکشەو شکستەیان باشتر ئەوەی نیشان دا کە چۆن ئەم حزبانە دەیانەوێت شکست و پاشەکشەکانی خۆشیان بە بەهانەی پوچی ترەوە لە خەڵکی بشارنەوەو بە دەستکەوتی مێژویی بقەبلێنن .تەنانەت کلاَو لەسەر نان و هەڵخەلەتاندنەکانی خۆیان و فەرز کردنی سیاسەت و ئامانجەکانی ئەمریکاش بەسەر خۆیانو خەڵکی کوردستان دا بە سەرکەوتن بۆ خۆیان و خەڵکی لەقەڵەم بدەن.

هەر لەم ڕوانگەیەشەوەیە کە بارزانی بە خەڵکی کوردستان دەڵێت ئەمریکا ئەمە یەکەم جارە لە زاری سەرۆک ئۆباماو و جۆن مەکەینی جیگیری یەوە بەڵێنی وا ڕەسمی و نوسراوی بە کورد داوەو لە پێناوی دا هەڵدەپەڕێت .لە کاتێکدا بەڵێنەکەی ئەمریکا وەک لە ڕاگەیاندنەکەی کۆشکی سپی دا هاتووە جگە لە قسەیەکی پوچ کە ناچێتە ناو گیرفانەوە هیچی تری نی یە. بەیانەکەی کۆشکی سپی کە بەم ناونیشانە لە حەوتی دیسەمبەردا هاتووە Statement by the Press Secretary on the Passage of Iraq's Revised Election Law The White House.mht دەڵێت: ئەمریکا بەو پەڕی توانایەوە پشتیوانی لە هەڵبژاردنەکانی عێراق دەکات و هەوڵ دەدا بۆ ئەنجام دانی و هاوکات پشتیوانی لە دەستوری عیراق دەکات لەوانەش مادەی 140 کە تایبەتە بە چارەسەری کەرکوک و ناوچە جێ ناکۆکەکان .هەروەها پشتیوانی مادەی 142 دەکات کە تایبەتە بە گۆڕینی دەستورەوە.

هەڵبەت بە جیا لەوەی کە لەڕوانگەی ئێمەوە دەستوری عیراق بە کوردستانیشەوە تا مۆخ کۆنەپەرستانەیەو هەروەها مادەی 140 یش بە هەمان شێوە، چونکە مادەیەکە لەسەرجەم دەستورێکی کۆنەپەرستانە و قومی و تایەفی و ئیسلامی یە، بەمەش دژی بنەماکانی مافی مرۆڤە. بەلاَم لەگەڵ ئەوەشدا مادەی 140 بە قسەی خودی پسپۆرانی سەرانی ئەم حزبانە گیان لە جەستەیا نەماوە. ئەمە جگە لەوەی ئەمریکا هاوکات لە ڕاگەیاندنەکەی دا پیشتوانی لە مادەی 142 ش دەکات کە تایبەتە بە گۆڕینی دەستور کە ئەمە بۆ خۆی ناکۆکە لەگەڵ برگەکەی پێشو. یانی مادەی 142 زیندووەو هەرکاتێک دەتوانێت لە سایەی دا جەستە مردووەکەی 140 بکاتە گۆڕەوەو لە دەستوردا توڕی هەڵدات.لەسەرو هەموو ئەمانەشەوە ئەمریکا بە کردەوە گوێی سەرانی قومی کوردی ،لەسەر و هەمویانەوە بارزانی، باداوەو ڕازی کردوە بەو یاسایەی کە ئەمرۆ پەسەند کرا بۆ هەڵبژاردن .کەچی دوای ئەم هەموو پاشەکشەیە بارزانی جامانە سورەکەی گرتوە بە دەستی یەوە هەڵی دەشەقێنێ و دەڵێت خەڵکیِ کوردستان ئێمە سەرکەوتوین و وەرن لەگەلماَ هەڵپەڕن.جا بارزانی پێی وایە خەڵکی کوردستان ئەوەندە نەزان و نەفامن وا سوک و ئاسان باوەڕ بەو قسانەی ئەوو بەو قسە پوچە نوسراوی ئەمریکا دەکەن.لە ڕاستی دا ئەمرۆ خەڵکی کوردستان زیاتر و زیاتر بۆیان ڕۆشنتر بۆتەوەو دەبێتەوە کە ئەمریکا بە کردەوە نایەوێت ئەم خەڵکە بۆ یەکجاری لەم شەڕ و مەینەتی و ساتو سەوداو دڵە ڕاوکەو ستەمە بە تەواوی ڕزگاریان ببێت.

بەلاَم هەروەک وتمان ئەسڵی مەسەلەکە لەوە دایە کە هیچ کات بەرژەوەندی ئەم حزبانە لەگەڵ بەرژەوەندی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستاندا یەک ناگرنەوە. بۆیە لە پێناوی بەژەوەندی یە بەرتەسکەکانی خۆیان ئامادەن هەمیشە خەڵکی کوردستان لە چاوەڕوانی سیاسەتو بەڵێنەکانی ئەمریکا ڕابگرن، لە کاتێکدا دەیان ساڵە چارەنوسی ئەم خەڵکە وئەم ستەمەی لەسەریانە لە سایەی ڕژێمە یەکِ لە دوای یەکە قومی و ئیسلامی یەکانی عیراِق بە درێژایی سەدەیەک گیرۆدەی سیاسەتەکانی ئەمانە و ئەمریکا و زلهێزەکانی جهان و ڕژێمە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە بووە.

بە بڕوای سیاسی ئێمە ئەم سات و سەودایەی ئەمریکاو ئەم حزبانە و هاوکات ئەو پرۆسە سیاسی یە کۆنەپەرستانەیەی کە ئەمڕۆ کە لە سایەی دا دەیانەوێت هەڵبژاردن بکەن هیچیان لە قازانجی خەڵکی کوردستاندا نی یە .بۆیە پێویستە جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان یەکپارچە بایکۆتی ئەم بەناو هەڵبژاردنەی پەرلەمانی عیراق بکەن کە بە زۆر پەنجەمۆری خەڵکی وەردەگرن بۆ لکانەوەی بە زۆری کوردستان بە عیراَقێکی ئیسلامی و قەومی یەوە.

لە ڕوانگەی سیاسی ئێمەوە چارەنوسی خەڵکی کوردستان بە گشتی لە قازانجی سیاسەتێکی ئینسانی ڕۆشن دایە،کە ئەویش یەکگرتو کردنی خۆیان لە دەوری دروشمی بایکۆت کردنی ئەم هەڵبژاردنانەی عیراَق و بەرزکردنەوەی دروشم و خواستی مافی ئازادانەی ڕاپرسی گشتی بۆ دیاری کردنی چارەنوسی خۆیان بە دەستی خۆیان و پێک هێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی سکویلار.

کۆتایی دیسەمبەری 2009

---

## وەرگرتنەوەی پەنابەران، بانگەشەکانی بەرپرسانی حکومەتی هەرێم پوچەڵ دەکاتەوە




**دەشتی جەمال**


ڕۆژی پێنج شەمە 17-12 ژمارەیەکی دیکە لەپەنابەرانی کورد بەشێوازێکی ئەوپەری ناشارستانیانە لەلایەن کۆماندۆکانی ( G4S) لە فرۆکەخانەی لوتنەوە بەرەو فرۆکەخانەی نیو دەوڵەتی هەولێر نێردرانەوە. دوای گەیشتنەوەی ئەم پەنابەرانە بەمەبەستی ترساندن و بەزۆر داگرتنی ئەم پەنابەرانە لە فرۆکەکە، ژمارەیەکی زۆری هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس ئامادەکرابوون. سەرباری ئەوەی کە پەنابەران بە هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس ڕادەگەینن کە حکومەتی هەرێم لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە ڕایانگەیاندوە کە "پەنابەری بەزۆر نێراوە وەرناگرینەوە" ئێوە بۆ وەرماندەگرنەوە" وە "دەشتی جەمال و فیدراسیۆنی پەنابەران نامەی ئاڕاستەی سەرۆکی حکومەت کردوە.."بەرپرسەکەی ئاسایش لە وەڵامدا دەڵێت"با دەشتی جەمال و ڕێکخراوەکەیان بێن لێرە دیفاعتان لێبکەن"....

وەرگرتنەوەی ئەم پەنابەرانە لە کاتێکدایە کە قسەکەرانی ئەم حکومەتە خۆیان لە ماڵپەرو دەزگاکانی ڕاگەیاندوە ئەوەیان وتووە "فرۆکەخانەکان ئەو پەنابەرانە وەرناگرنەوە، کە بەزۆر دەنێرێنەوە .."ماڵپەری کوردستان ڕاپۆرت لەزاری د هادی مەحمود .

وەرگرتنەوەی ئەو 55 پەنابەرە لەفرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر و ئامادەکردنی پیشوەختی هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و کۆستەر بۆ گواستنەوەی ئەو پەنابەرانە، هیچ شک و گومانێک ناهێڵێتەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە کابینەی پێنج و شەشەوە خەریکی جێبەجیکردنی ڕیکەوتنامەیەکن لەگەڵ وولاتانی ئەوروپادا بۆ وەرگرتنەوەی پەنابەران.

وەرگرتنەوەی ئەم پەنابەرانە جاریکیتر بانگەشەکانی بەرپرسانی حکومەتی هەولێر ڕتدەکاتەوە کە دەڵێن پەنابەرانی بەزۆر نێردراوە وەرناگرینەوە یان دەڵێن وەرگرتنەوەیان پەیوەندی بە حکومەتی بەغداوە هەیە.

لەکاتێکدا ئەوە ئاشکرایە بەردەوام بوونی بە زۆر ناردنەوەی پەنابەران و وەرگرتنەوەیان لە لایەن حکومەتی بەغداو هەولێرەوە، بۆ ئەوەیە بە دنیا و ڕای گشتی بقەبڵێنن کە عێراق و کوردستان" ئامن"ە و دیموکراسی!! تیایاندا سەرکەوتووە. بەڵام لێدان و سوکایەتی پێکردن و گوێنەدان بە ئێرادەی ئازادانەی ئەو پەنابەرانە بانگەشەکانیان بۆ دیموکراسی و ڕێزگرتن لە مافەکانی ئینسان پوچەڵ دەکاتەوە.

ئێمە لەکاتێکدا دوای هەڵبژاردنەکانی کوردستانیش جاریکی تر نامەمان ئاڕاستەی کابینەی تازەی حکومەتی هەرێم و سەرۆکی پەرلەمان و پەرلەمانتارەکانی کوردستان کرد و سەرنجمان ڕاکێشان بۆ ئاکامە زیانبارەکانی سیاسەتی بەزۆر ناردنەوەی پەنابەران و ئاسەواری خراپی لەسەر کۆمەڵگای کوردستان. هاوکات داوامان لێیانکرد ئاوڕێکی جدی لەم کێشەیە بدەنەوە. بەڵام زۆر بەداخەوە کاردانەوە و وەڵامی ئەوان بە زمانێکی ناشارستانی و تەشهیرو تەهدیدی "من" و ڕێکخراوەکەمان ئەوەیە بچین لەکوردستان لەبەرامبەر چەکەکانی ئەوان ڕاوەستین و بلێین ئێمە لێرە دیفاع لە پەنابەران دەکەین ئەمەیە مەنتقی ئەهلی و سیاسی ئەم حکومەتە. ئەمە لەکاتێکدایە ماوەی زیاتر لە ساڵێکیشە لەکوردستان هەمان داواکاری خواستەکانی پەنابەران وە هەروەها پەنابەرە دیپۆرتکراوەکانمان چ بەڕێگای دیالۆگ و چ بەڕێگای خۆپیشاندان خستۆتە بەردەست بەرپرسان و کاربەدەستانی ئەم حکومەتە کەچی تا ئێستا خۆیان لە بەپرسیاریەتی دزیوەتەوە .

ئێمە وێرای ئەوەی ئەم هەڵویستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرامبەر بە پەنابەران ئیدانە دەکەین، داوا دەکەین ئەو ئاسایشانەی توندو تیژی و لێدانیان بەرامبەر بە پەنابەرانی دیپۆرتکراوە بەکاربردوە بدرێنە دادگاو سزا بدرێن، وە وەڵام بەخواستەکانی پەنابەران بدرێتەوە کە بەشێوەی یاداشت خراوەتە بەردەستیان. هاوکات ئێمە پەنابەران و کەسوکاریان دڵنیا دەکەینەوە کە فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی بەتەواوی توانا لەهەوڵەکانیدا لەپێناو بەرگرتن بەم سیاسەتە دژی ئینسانیانەی وڵاتانی ئەوروپا و سیاسەتی ناشارستانیانەی حکومەتی بەغداو هەرێم بەردەوام دەبین، چ لە دەرەوەی وولاتانی ئەوروپاو چ لە عێراق و کوردستان لەپال پەنابەران و داخوازیەکانیدا دەوەستین و تێدەکۆشین.

بزوتنەوەی نارەزایەتی پەنابەران بزوتنەوەیەکی هەقخوازانەو ئینسانییە، لە هاوکاری و پشتیوانی ئازادیخوازان و ئینساندۆستان و بەرگریکەران لە مافەکانی پەنابەران و ڕێکخراوەکانیان بەهرەمەندە. ئەگەر هەوڵدان بۆ دنیایەکی باشتر لە ئەجندەی ئەحزابی میلیشایی و رژیمە ڕاست و سەکوتکەرەکاندا جێگای نابێتەوە، بەڵام خواستێکی بەرهەقی دنیای شارستانی ئەم سەردەمەیە.

---

## ئەمە فەرهودە پرۆگرام و چاپەمەنیەکانی وەزارەتی پەروەردە(133)ملیون دینار پاداشت دەبەخشێتە بەرپرسەکانی!!


**بەشدار علی**


بەپێی دوو نوسراوی جیاداکە ئیستا لەبەردەستماندایە و ئمزای (لوتفی ×دیق محمد)ی بەرێوبەری گشتی دیوانی وەزارەتی پەروەردەی لەسەرە بە ژمارەی ( 16788 لە 3/11/2009)بڕی (480, 2500)ملیون سەرف کراوە لە پاداشتی چاپ کردنی کتاب،هەروەها بەژمارەی (18345 لە 25/11/2005)،بڕی (850, 230))ملیون دیناربۆ هەریەک لە (ئاراس نەجمەدین)بەرێوبەری گشتی پرۆگرام و چاپەمەنیەکانی وەزارەتی پەروەردەی هەرێم (مهدی عباس)بەرێوبەری چاپەمەنیەکان، (×باح سعید عبدلله)بەرێوبەری تجهیزاتی،لەگەڵ عوسمان پیرداود کوازی نەخشەساز سەرف کراوە وەکو پاداشتێک لە بڕی سەرپەرشتیکردنی کتاب بۆ قوتابیان. بێ ویژدانیە ئەگەر ئەمە ناوی بنرێت گەندەڵی یان رۆتینات یان دزی،ئەمە فەرهودێکە و کۆمەڵێک مافیا دەیانەوێت تاڵانی بکەن و دەسەڵاتی سیاسیش خەشیمانە بۆیان چەماوەتەوە بۆ ئەوەی درێژە بە دەسەڵاتی خۆی بدات و لاشەی مردوی خۆی رابکێشێت و کەسی نەخۆشی وەکو ئەو بەرێزانەی سەرەوە دورست بکات.

بێ هۆنیە پارتی و یەکێتی بە هەزارەها دۆلار بۆ بێدەنگ کردنی نوسەران و رۆژنامەنوسان و روناکبیران سەرف دەکەن، داموەزگای سیخوڕی و نهێنی بەسەر جموجۆڵە تایبەتیەکانی تاکەکان دادەنێن،رێکخراو و دەستە و کۆمەڵەی جۆراو جۆریان لەناوەندەکاندا دورست کردووە بۆ کۆنترۆڵ کردنی وەزعیەتەکە،چونکە دەزانن و لایان رۆشنە چ دز و مافیایەکیان پەروەدە کردوە و ئەگەر فریا نەکەون بەعس ئاسا گۆڕیان گوم دەکەن.

بەدرێژایی مێژوو زۆر بوونە ئەو کەسانەی کە دەوڵەمەند و سەرمایەدار و بەرپرس و دەسەڵاتدار بونە لە دنیا،بەڵام ئیستا کەسێک لە کولەکەی تەڕیش ناویان نابات،بەڵام زۆرێک لە ئازادیخواز و ئینسان دۆستی دونیا بونەتە شاکار و خەڵکی بەدوایی شاکارەکانیان و ژیانی تایبەتیان وێڵ و عەودالْن.راستە ژیانیان قورس کردووە و هەر شەش لامان کۆنترۆڵ کراوە ،بەڵام دەرفەتی ئەوەی تیا ماوە وەکو ئینسانێکی خاوەن بڕیار و ئیعتبار بژین و بیگوزەرێنین،ئەوانەی ئیمزایان لەسەر ئەم بڕە پارە خەیاڵیە کرد و ئەوانەشی وەریانگرت،دوژمنی سەرسەختی ئاو و خاکی ئەو وڵاتەن نەک ئێمە کە دەمانەوێت ئەو سەروەت و سمانە بەپێی سیستەمێک بەیەکسانی ببەخشرێتەوە و هەموان سوودی لێوەرگرن.

# سەرەڕای بەڵێنەکانی حکومەت تاوانەکان لەدژی ژنان شەپۆلی خوێناوی بەخۆیانەوە دەگرن

## ڕاپۆرتە ئامارێک لەمەڕ ڕووداوەکانی توندوتیژی لەدژی ژنان لەناوچەی پشدەرو بتوێن.

سەرەڕای بەڵێنی دەسەلاتداران بۆباش کردنی ڕەوشی ژنان، تاوانەکانی توندوتیژی لەدژی ژنان درێژەی هەیەو تادێت کارەساتی تراژیدی لەدژی نیوەی کۆمەڵ کەژنانن، شەپۆلی خوێناوی توماردەکات. ئەوەی لێرەدا دەیخوێننەوە ڕاپۆرتێکی ئاماریە کەڕووداوەکانی ناوچەی بیتوێن وپشدەری وەک نمونە وەرگرتووە.

لەدەستپێکی ئەم ڕاپۆرتەدا دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە سەرەڕای بوونی ژمارەیەک ژنان لەپەرلمان و حکومەتدا و سەرەڕای دانانی سەنتەری توندوتیژی دژبە ژنان لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە و هاوکات ئامادەبوونی چەندین ڕێکخراوی ژنان، کەچی ئەمساڵ ڕووداوە دڵتەزێنەکان گۆشەیەکی تراژیدی لەدژی ژنانی کوردستان تۆماردەکەن. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە ڕەوشی ژنان لەژێرسایەی دەسەلاتی حزبەکانی ناسیونالیزمی کورد و فەرهەنگ وسیاسەت و دەستورو یاسایەکدا کەئەم حزبانە سەروەریانکردوە بەسەر سەری کۆمەلگاو ژیانی ژنانەوە، مایەی چارەسەرو بنبڕکردنی ئەو تاوان ودەستدرێژیانە نییە، کەڕۆژانە بۆسەر ئیسنانی ژن بەهۆی ژن بوونیانەوە ئەنجام دەدرێت. لەلایەکی‌تریشەوە ڕاپۆرتە ئامارەکە نیشان دەدات کە پیاوسالاری و نەبوونی ئازادی ومافەفەردی ومەدەنییەکانی ژنان حاڵەتێکی بەردەوامی ژیانی ژنانی کوردستانە. بلاوکراوەی ئۆکتۆبەر لەماوەی یەکساڵی ڕابردوودا بەردەوام هەواڵەکانی توندتیژی بلاوکردۆتەوە کەبەگشتی ئاماژەن بۆئەوەی کە ژنان ناچاردەکرێن بەخۆسوتاندن و خۆکوشتن، لەهەندێک حاڵەتیشدا گیرۆدەی نەخۆشیەکانی دەرونی دەبن. بەلام زۆرێنەی ئەم تاوانانە لەلایەن براوباوک ومێردو ئازیزانی قوربانیانەوە ڕویان داوە و وەک هەنگاوێک بۆتۆڵەسەندنەوە و گێڕانەوەی شەرەفو بەهای پوچی ناموسپەرستی دەستیان بۆ براوە.

ئەم ڕاپۆرتەی کەلێرەدا دەیخوێننەوە بەشێکە لەهەوڵی ڕاگەیاندنی "هانا" کەلەناوچەی پشدەرو بتوێناوە ئامادەکراوە و هەوڵیش دەدەین لەداهاتوودا، هێندەی بووارمان پێبدرێت ئاماری تاوانەکانی توندوتیژی وڕووداوەکانی کەلەباقی ناوچەکانی تری کوردستاندهاکرووەدەنک بلاودەکەینەوە. لێرەدا وێرای دەستخۆشانەو تەقدیری زۆرمان بۆ ئامادەکاری ڕاپۆرتەکە هیوامان وایە کە هەڵسوڕاوانی بووڕای بزوتنەوەی ژنان بەهەستیاریەکی زۆرەوە لەم ڕاپۆرتە بڕوانن و تێبکۆشن بۆ هێنانەکایەوەی پڕۆژەو ڕێگاچارەیەکی کارساز تابەر بەشەپۆلی ئەم تاوانکاریانەی کەلەدژی ژنان لەئارادایە بگیرێت

بلاوکراوەی ئۆکتۆبەر

**کورتکراوەی ڕاپۆرتەکە:**

لەماوەی یەکساڵی ڕابردوودا لەسنوری قەزای پشدەر و ڕانیە کەسەربە پارێزگای سلیمانیە و 8 ناحیەو دووسەنتەری قەزاو زیاتر له200 گوند لەخۆ دەگرێ ڕەوشی ژنان تاهاتووە ڕوو لەخراپی بووە. ئەو ئامارانەی کەلیرەدا دەیانخەینەڕوو گۆشەیەکی کەمی ڕووداوەکانە کەلەمانگی 1/2009 وە تا ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە دەکرێتە خۆی. کەدیارە کۆی هەموو کارەساتەکانی ژیانی ژنان لەژێرسایەی دەسەلاتی یەکێتی وپارتیدا، لەم ناوچەیە زۆر زیاترە و ژمارەیەکی یەکجار زۆری ڕووداوەکان بەچەند هۆیەکەوە نەگەیشتونەتە شوێنەکانی تۆرمارکردن و پەردەیان بەسەردا دراوە:

بەلام بەگشتی کۆی ڕووداوە تۆمارکراوەکان دەگاتە 136 ڕووداوی توندوتیژی لەدژی ژنان وکچانێک کەتەمەنیان لەنێوان 13ساڵ بۆ70 ساڵی، ئەنجام دراوە. توندوتیژیەکانیش لەشێوەی لێدان وناچارکردن بەخواردنی دەرمان و خنکاندن و خۆسوتاندن وکوشتن وخۆکوژی وچەند شێوازێکی‌تر ڕوویانداوە. وەلەم ڕووداوانەشدا هەندێکیان تەرمەکانیان نەناسراوەتەوە وەیا هۆکاری ڕووداوەکە بەنەزانراوی ماوەتەوە. هەندێکی تریشیان بێ خاوەن بوون. ئەم ڕێژەیە ئەگەر پۆلێنیان بکەین تێیدا 22 ژن وکچ کوژراون یان خۆیان کوشتووە لەنێو کوژراوەکانیشدا 8 حاڵەتیان کوژراوە، وەیا هەوڵی کوشتنیان بۆدراوە کە 6 یان مردووە و 2نیان لەمردن ڕزگاریان بووە. هەروەها 14 ژن ناچار بە خۆکوشتن کراوە وەیا بەهەرهۆیەکەوە بوبێت ، لەوانە بەکارهێنانی تفەنگ گیانیان لەدەستداوە کە 11یان مردون و 3 کەسیان ڕزگاریانبووە.

وەلەنێو حاڵەتەکانی سووتاندا 68 ژن وکچ سووتاون کە 51 سوتاون ولەنێویاندا 28 حاڵەتیان مردون بەهۆی سەختی ڕێژەی سوتانەکەیانەوە 23 حاڵەتیان بەرەو چاک بوونەوە ڕۆیشتون. هاوکات 17 حاڵەتی ناچارکردنیش بەخۆسوتاندن هەیە کەلەنێویاندا 4 حاڵەتیان ئەنجامی چاک بوونەوەیان نادیارماوەتەوە. لەشێوازەکانی خنکاندنیشدا 7 حاڵەتی خنکان ڕوویانداوە.

لەلایەکی تریشەوە بەشێک لەژنان وکچانی دلێر کەحاڵەتەکانی توندوتیژی ودەستدرێژی بۆسەر حورمەت ومافەکانیان قەبولناکەن و هەوڵی بەرەنگاربوونەوەیان لەژی ستەمکێشی داوە، هانایان بۆ تۆمارکردنی سکالا بردووە، لەمبارەوە 17 سکالا لەبنکەکانی پۆلیس ودامودەزگاکان بەدژی لێدان بەتفەنگ و پشتین وداروبەرد تۆمارکردوە کەهەندێک لەم ژنانە دەست وقاچیان شکاوە وەیا دەموچاو وجەستەیان خوێناوی کراوە. لەلایەکی تریشەوە لەیەکساڵی ڕابردوودا ناچارکردنی ژنان بەخواردنی دەرمانی مێشومەگەز دیاردەیەکی باو بووە ورێژەی 15 حاڵەتی تۆمارکردووە کەلەنێویاندا 2 کەس گیانیان لەدەست داوە. هاوکاتیش دەیان کەیسی ژن کەناچارکراون بەخواردنی حەب تابمرن سکالایان تۆمارکردوە لەسەرپیاوانێک کەتونوتیژبوون بەرامبەریان. لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوەش بکەین کە ژمارەیەکی زۆر لەو پیاوانەی کەلەم تاوانانەدا دەستیان هەبووە لەلایەن پۆلیس وئاسایشەوە دەستگیرکراون هەندێک لەمانە بەمادەی جۆراوجۆر لەیاسای سزادانی عیراقیدا سزایان وەرگرتووە، هەندێکی تریشیان هەڵهاتوون. لەنێو قوربانیانی ئەم ڕووداوانەدا 8 تەرمی ژن وکچ دۆزراونەتەوە و گەلێکی تریان تەرمەکانیان بزربوە وەیا نەناسراونەتەوە.

لەکۆتایدا دەبێ ئاماژەبەوە بکەین کەلەڕێژەی گشتی ئەم ئامارانەدا91 حاڵەت لەژنان وکچانێک بوون کەپرۆسەی هاوسەرگیریان ئەنجامداوە وبەزۆری لەلایەن هاوسەرو کەسوکاریانەوە ڕووبەڕووی ڕووداوی توندوتیژی بوونەتەوە. هەرلەم ڕێژە گشتییە 46 حاڵەتیان کچانێک بوون کەهێشتا نەچوونەتە پرۆسەی هاوسەرگیریەوە و لەلایەن باوک وبراوە ڕووبەڕووی کردەوەی توندوتیژی بوونەتەوە وسەرەنجامیش گیرۆدەی نەخۆشی دەروونی هاتوون وەیا پەنایان بۆ خوکوژی و خۆسوتاندن بردووە. ئامارەکان داوادەکەن کەدەبێ بەخێرایی بەهانای ژنانی کوردستانەوە بچین، ئەم تاوانانە پەڵەیەکی ڕەشە بەنێوچەوانی دەسەلاتێکەوە کە 18 ساڵە وەلامێکی بۆ ئەم شەپۆلە ئینسان کوژەیە پێنییە!!



# له ئوستراليا ئەوەی کچەکەی بەرێتەوە بۆ وڵاتی خۆی بۆ خەتەنەکردن حەوت ساڵ زیندانی ئەکرێت

**عامر سابیر**
asabir79@hotmail.com

له ساڵی 1994 له شاری سیدنی له ڕێگەی نەخۆشخانە و دکتۆرەوە زانرا کە خێزانێکی ئەفریقی کچەکەیان خەتەنەکردووە پاش سەردانیان بۆ وڵاتی خۆیان، ئەم دیاردە و تاوانە دەرحەق بە منداڵانی کچ زۆر تازە و جێگەی سەرسوڕمان بوو لە ئوستراليا، هەر هەمان ساڵ پەرلەمانی ویلایەتی (نیو ساوز ویڵز) بڕیاری دەرکرد بە سزای توند بۆ ئەوانەی بەشداری ئەکەن و کارئاسانی ئەکەن، وەیان یارمەتی و هانی کەسانی تر ئەدەن بۆ ئەنجامدانی خەتەنەکردنی کچان، کە لە ئوستراليا و هەر وڵاتێکی تری دنیا ئەنجامیبدەن 7 ساڵ زیندانی ئەکرێن. بە دوای ئەم بڕیارەی پەرلەمانی نیو ساوز ویڵز دا هەموو تیریتۆری و ویلایەتەکانی تری ئوستراليا هەمان یاسایان دەرکرد لە دژی ئەم تاوانە کە دواهەمینایان ویلایەتی ڕۆژئاوای ئوستراليا بوو. هاوکات لە گەڵ ئەم سزا توونده، وەزارەتی تەندروستی کەمپینێکی بەرفراوانی بەڕێخستووە بۆ هۆشیارکردنەوەی جالیە جیاجیاکان لە ئوستراليا، بەتایبەت ئەوانەی وڵاتانی ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای شەرقی. لە کۆبوونەوەی 21/11/2009 لە ڕەوەندی کوردی پێنج ژن (چیمەن عارف، سروە وەهاب، ئاشنا ئەحمەد، ڕۆزا وریا، شیلان عەزیز) کە لە کۆمۆنیستەکانن، بەهۆی هەڵسوڕان و بەشداریکردنیان لەم کەمپینەی وەزارەتی تەندروستی، خەڵاتکران لە لایەن ( Barbara Perry) ئەندامی پەرلەمانی نیو ساوز ویڵز کە وەزیری شارەوانییە و یاریدەدەری وەزیری تەندروستیشە.

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە تایبەت لەسەر ئەم تاوانە بەرانبەر بە منداڵانی کچ چەندین بڕیار و بەیاننامەی دەرکردووە بۆ بنەبڕکردن و قەدەغەکردنی ئەنجامدانی ئەم تاوانە کە بە ئینگلیزی پێیئەوترێ Female Genital Mutilation (FGM) یان بە زمانە باوەکەی سیرکیومسیژن ( Circumcision). بۆ یەکەم جار بە ڕەسمی لە لایەن دکتۆرێکی فەرەنسیەوە ( Gerard Zwang) لە ساڵی 1993 لە ڤیەنا (نەمسا) لە کۆبونەوەی سەرتاسەری نەتەوە یەکگرتووەکاندا پێناسە کرا و بە پێشەێلکردنی مافی ژیان و ئەشکەنجەی فیزیکی و هێرش بۆ سەر تەندروستی ژنان و کچان باسکرا. تا ئێستا ئەم وڵاتانە لە ڕۆژئاوا یاسایان لە دژی ئەم تاوانە (FGM) دەرکردووە (ئوستراليا، کەنەدا، فەرەنسا، هۆڵەندا، نیوزیلەند، نەرویج، سوید، بەریتانیا، ئەمریکا) وەهەروەها ئەم وڵاتانەی ئەفریقاش قانوونیان لە دژی خەتەنەکردنی کچان دەرکردووە (میسر، جیبۆتی، کۆماری ئەفریقای ناوەڕاست، ئەسیوپیا، گانا، گیونەی، کینیا، نەیجیریا، سودان، سینیگاڵ، تانزانیا، تۆگۆ، ئایڤری کۆست).

تاوانی خەتەنەکردنی کچان مێژوویەکی کۆنتری لە مێژووی ئاینی ئیسلام هەیە، بەڵام ئەم دینە کۆنەپەرستە نەک هەر هەوڵی بنەبڕی نەداوە، بەڵکو تا هاتووە لە سایەیدا زیاتر تەشەنەی کردووە، لەوشوێنانەدا کە مەلا و ئینستیوتە ئیسلامیەکان لە ژێر فشاری ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤدان، ئەوە ڕائەگەیەنن کە ئەمە نەریتێکی خێڵەکی کۆنە و پەیوەندی بە ئیسلامەوە نییە، بۆ نموونە لە کۆنفرانسێکی جیهانی لە 22 و23 ی نۆڤەمبەری 2006دا کە زانکۆی ئەزهەر لە قاهیرە ڕێکیخستبوو بە بەشداری چەندین مەلا (لەو وڵاتانەوەی کە ئیسلامی بەسەردا سەپێندراوە) بە سەرۆکایەتی سەرۆکی زانکۆی ئەزهەر مەلا (عەلی جومعە) فەتوایان دا لە دژی خەتەنەکردنی کچان و بە تاوان و دژی مافی مرۆڤ و دژی ئیسلامیان لە قەڵەمدا. هەروەها لە 7/6/2008 لە یەکێک لەو کۆبوونەوانەی کە وەزارەتی تەندروستی لە گەڕەکی ئۆبن لە سیدنی ڕێکیخستبوو لە سەر خراپی ئەنجامدانی خەتەنەکردنی کچان، یەکێک لە قسەکەرەکان مەلاکەی مزگەوتی عومەر بوو لە وڵنگۆنگ (شێخ عەبدولڕەحمان محەمەد عەبدولفەتاح) کە دژی خەتەنەکردنی کچان قسەی دەکردو و باسی دەکرد کە چۆن ئەم دیاردەیە پەیوەندی بە ئیسلامەوە نییە و ئیسلام دژی ئەم تاوانەیە و هیچ ئایەت و حەدیسێک نییە بۆ پشتیوانیکردنی ئەم تاوانە بەرانبەر بە کچان و ئەیوت ئەرکی سەرشانی موسوڵمانانە کە دژی بوەستنەوە.

مەگەر تەنها وڵاتی سیرالیۆن لە ئەفریقا پێش کوردستانی دابێت لە بەربڵاوی ئەم دیاردە و تاوانە بەرانبەر بە منداڵانی کچ، دەسەڵاتە دز و جەردە و خۆسەپێنەکەی بارزانی و تاڵەبانی چەندین ساڵە بچوکترین هەنگاوی کارایان نەناوە بۆ وەستاندن و کۆتاییهاتنی ئەم تاوانە گەورەیە بەرانبەر بە منداڵانی کچ لە کوردستاندا. لە چەندین ساڵی ڕابردوودا دەزگا ئیعلامییەکانی ئەم دەسەڵاتدارانەی کە هەر خەریکی یاریکردنن بە داهات و چارەنووسی خەڵکەوە ئەوەندەی پڕوپاگەندەیان بۆ (چای مەحمود و شاری خەونەکان و ئاسیا سێڵ) کردووە، چارەکی چارەکی ئەوە لە دژی ئەم دیاردە ترسناکە پڕوپاگەندەیان نەکردووە و بە کاری خۆیان نەزانییوە.

26/12/2009

# لیستێکی‌تر لەتاوانەکانی توندوتیژی بەدژی ژنان

- ڕۆژی 27/12/2009 له گوندی دێرێ سەر بە ناحیەی سەرکەپکان , کچێکی تەمەن 12 ساڵ بەناوی (ن. ز. ح. ا)کە بەهوی جیابوونەوەی دایک و باوکیەوە لە ماڵی مامێکی دەژی , لەلایەن چەند کەسێکی خێزانەکەیەوە لە ئاوهەڵدەکێشرێت و بە دوای ولاخێکدا ڕایدەکێشن. پاش ئەم ئەشکەنجەو سووکایەتی پێکردنە (ن) هەڵدێت و دەچێت بو ڕانیە و دەچێتە فەرمانگەی چاودێریی خێزان بەمەبەستی هاوکاریکردنی.
- ڕۆژی 26/12/2009 لە گوندی قادراوای سەر بە ناحیەی سەنگەسەر کچێکی تەمەن 16 ساڵ بە ناوە (ف.م. ح) لە حەمامی ماڵی خویاندابە هوی گڕگرتنی پەرەمێزەوە دەسوتێت. پاشان براوەتە نەخوشخانەی گشتیی قەلادزە و چارەسەری بو کراوە. ناوبراو ڕێژەی 18%ی جەستەی سووتاوە و داوای یاسایی لەسەر کەس نەبووە. بەلام پولیس لەسەر بڕیاری دادوەری لێکولێنەوەی قەزای پشدەر دەستی کرد بە لێکولێنەوە بە مەبەستی دەرخستنی ڕاستیی ڕووداوەکە.
- ڕۆژی 22/12/2009 لە گەڕەکی کاوەی ناحیەی چوارقورنە , کچیکی تەمەن 20 سال بە ناوی (ە. م. ع) بەهوی لیدانی کارەباوە گیانی لەدەستدا.
- ڕۆژی 25/12/2009 لە گەڕەکی راپەرینی ناحیەی چوارقورنە , کچیکی تەمەن ... سال بە ناوی (ش. ح. م) لەمالی خویاندا سووتاوە و تا ئیستا هوکاری سووتانەکەی نەزانراوە. بەهوی زوریی ریژەی سووتانەکەیەوە لە نەخوشخانەی گشتیی رانیەوە گوازراوەتەوە بو نەخوشخانەی ئیمیرجنسیی سلیمانی. بەلام رۆژی دواتر گیانی لەدەستدا. تا ئیستا هوکار و چونیەتیی ئەم رووداوە نەزانراوە. وە ناوبراو بەر لە مردنی داوای لەسەر کەس تۆمارنەکردووە.
- ڕۆژی 26/12/2009 لە ئوردوگای سارداوی سەر بە میرگەسوور , ژنیکی تەمەن 24 سال بە ناوی (غ. س) کە دایکی دوو منداله , لە مالەکەی خویاندا خوی سووتاند. سەرچاوەیەکی نزیک لە رووداوەکە رایگەیاند کەبەهوی کیشەشەی نیوان خوی و میردەکەیەوە ئەم کارەی کردووە. هەرچەندە لە لیکولینەوەی پولیسدا ووتویەتی بەهوی گرگرتنی پەرەمیزەوە بووە و داوایشی لەسەر میردەکەی تومارنەکردووە .سەرچاوەکە ئەوەیشی راگەیاند کە ناوبراو بەهوی زوریی ریژەی سووتانەکەیەوە ژیانی لە مەترسیدایە.
- ڕۆژی 18/12/2009 لە گەرەکی زانیاری شارۆچکەی سۆران , ژنیکی تەمەن 24 سال بە ناوی (ب. ش) لەلایەن میردەکەیەوە درایە بەر دەسریژی گولله و بەسەختی بریندارکرا .پاشان براوەتە نەخوشخانەی گشتیی سۆران و چارەسەری پیویستی بۆکراوە. هۆکاری رووداوەکە ئەوەبوە کە پاش ئەوەی ناوبراو زانیویەتی میردەکەی پەیوەندیی لەگەل چەند ژنیکی لەشفرۆشدا هەیە لەگەلی بەشەر هاتووە. پاش رووداوەکە میردەکەی هەلهاتووە و تا ئیستا پولیسی قەزای سۆران لە هەولی دەستگیرکردنیدان.

# تاڵەبانی و نەوشیروان لە دادگایەکی مەجازیدا!



موحسین کەریم

بەپێی دانپیانانەکانی تاڵەبانی، کە لەراپۆرتەکەیدا بۆپلینۆمی (4) ئاشکرای کردوە، لانی کەم نەوشیروان لەسەر تاوانی بڕیاری کوشتن و هاندان بۆ کوشتن، تاوانی هاندانی راسیستی و هێنانی کارەسات بەدەستی ئەنقەست بۆسەر خەڵک دەبێ دادگایی بکرێ! ئەمە بێجگە لەسیاسەتی چەواشەکردنی ئەندامانی رێکخراوەکەی (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان) بەئایدیۆلۆژیایەک کە خۆی باوەڕی پێ نەبووەو وەکو هۆکارێکی هاندانی ئەوان سودی لێوەرگرتوە و لەم نێوەشدا دەیان کەسیان گیانیان لەدەستداوە، کە دەکرێ ئەوانەی شانسیان هەبوەو لەژیاندا ماون یان کەسوکاری ئەوانەی کە گیانیان لەدەستداوە دادگای لێبگرن!

تاڵەبانیش لانی کەم بەتاوانی شاردنەوەی ئەو زانیاریانە بۆماوەی چەندین ساڵ دەبێ بچێتەبەردەم دادگا! تاڵەبانی خۆی دەزانێ کە ئەو کارەی ئەو (شاردنەوەی تاوان) بەپێی یاسا تاوانە! من لێرەدا ناچمەسەر ئەوەی کە تا چ ئەندازەیەک تاڵەبانی راستەوخۆ بەشدارە لە بڕیاردان لەسەر ئەو تاوانانەو چەندین تاوانی دیکە کە هێشتا ئاشکرا نەکراون و "لەناو نانێکی گەرمدا هەڵگیروان بۆ کاتی خۆی!"؛ لەوانە تاوانی تیرۆرکردنی (5) کادری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لە ساڵی 2000 لەلایەن یەکێتیەوە. ئەوەی دەمەوێ لێرەدا ئاماژەیەکی پێبکەم ئەوەیە کە تاڵەبانی، لەپاڵ شاردنەوەی زانیاریەکان دەربارەی تاوانەکانی نەوشیروان، کەچی بۆماوەی چەندین ساڵ ئەوی وەکو جێگری خۆی و کەسی یەکەمی جێمتمانەی خۆی مامەڵە کردوە. جائەگەر نەوشیروان ئەو کەسە شەڕەنگێزو ئینسانکوژو پیلانگێرو توندوتیژەیە (کە وایە)، ئەوا ئیتر چ بوارێک و دەرفەتێک بۆ پاکیزەیی تاڵەبانی دەمێنێتەوە!؟ ناکرێ خۆت پاک و بێگەردو پەپولە بیت و جێگرەکەشت (بۆ چەند مانگێک نا بەڵکو بۆ چەندین ساڵ) پیلانگێرو ئینسانکوژ بێت! تەنەنات سیاسەتی باوکسالارانەی تاڵەبانی بۆ"راگرتنی یەکێتی ناو یەکێتی!"ش ناتوانێ پاکانەی ئەوەی بۆبکات کە تاوانبارێکی خەتەرناکی وا کە بەقسەی تاڵەبانی خۆشی "لە کاتە ناسکەکانیشدا یەکێتی بەجێهێشتوە"، "هەڵەی مێژویی توشی یەکێتی کردوە"، بەردەوام "پیلانی بۆ تێکدانی یەکێتی دارشتوەو دژایەتی و کۆنەقینی دژی سکرتێری گشتی" پەرەپێداوە، لەوجێگا هەرە هەستیارەی یەکێتیدا دابنێ!

با ئێستا لەزمانی تاڵەبانیەوە ئاماژە بەهەندێ لە تاوانەکانی نەوشیروان بکەین:

لە کێشمەکێشەکانی ناوخۆی کۆمەڵەی رەنجدەران لەساڵانی هەشتاکاندا، نەوشیروان لەرێگای توندوتیژی و پیلانگێریەوە ویستویەتی نەیارەکانی دەرپەڕێنێ. تەنانەت یەکلاکردنەوەی کێشەکانی گەیاندۆتە ئاستی"حوکمی ئیعدام و شەڕو پێکدادان". "سکرتێری کۆمەڵە ئەو هێڵەی قیادە دەکرد کە بە کوشتن و گرتن و تەفروتوناکردن کێشەکان ببرێتەوە."

نەوشیروان لە سەرەتای هەشتاکاندا "بڕیاری کوشتنی خەڵکی لەشارو لەلادێ دەرکردوە".

لەشەڕی پشتاشان و قرناقەدا لەدژی حیزبی شیوعی، نەوشیروان "روداوەکانی بەبارێکی خراپ و نامرۆڤانە بردوە" و سەربەخۆ شەرێکی سەربازی بەرپاکردوە کە دەیان کەس لە ئەندامانی حیزبی شیوعی کوژران یان بە دیلی کوژران. بیانوی فکریشی بۆئەو قەتڵوعامەی شیوعیەکان ئەوەبوە کە"مارکسیزم گەڕوگول بووەو سۆشیالیزم باوی نەماوە."

ئەم قسەیەی نەوشیروان لەکاتێکدا بوە کە خۆی"سکرتێری کۆمەڵەی مارکسی لینینی بوو!" وە لەژێر ئەو ناوەدا سەدان ئینسانی زەحمەتکێش و کرێکاری چەواشەکردوەو لەزیندانەکانی بەعسدا کردونیەتە خۆراکی جەلادەکانی بەعس یان لەشەڕدا بەکوشتنی داون.

" نەوشیروان چەندین بڕیاری داوە کە ئەگەر جێبەجێ بکرایە شەڕەکەی لەگەڵ بەعسدا دەگۆڕی بۆشەڕی کوردو عەرەب"، ئەمەش مانای ئەوەیە کە ناوبراو هانی گیانی نەتەوەپەرستی و رقوکینەی نەتەوەی و راسیستی داوە.

لە جەرگەی شەڕی عێراق وئێراندا نەوشیروان بە"بڕیاری سەربازی هەڵەو ترسناک" دەوری هەبوە لە نانەوەی کارەساتی هەلەبجەدا." بەبێ لێکدانەوەی هەلومەرجی جەنگەکەو سروشتی فاشیانەی سەدامیەکان لە دوو ساڵی کۆتایی جەنگەکەدا، پاساوی دایە دەست سەدام کە سروشتە فاشیەکەی بە رۆژی روناک، بەبێ دوودڵیی لە شاری هەڵەبجەدا جێبەجێ بکات... بەتایبەتی حکومەت پێشتر هەڕەشەی بۆ ناردبوین کە هەر پەلامارێک لەگەڵ پاسداران بۆ سەر هەر شوێنێک، بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی جوابی دەبێت، تەنانەت گەر شاری سلێمانیش بێت."

ئایا پیلاندانان، هاندان، بڕیاردان، بەشداریکردن و ئەنجامدانی هەر یەکە لەو تاوانانە بەس نەبوون بۆ ئەوەی خاوەنەکەی بدرایەتە دادگا!؟ ئەی بۆچی تاڵەبانی لەماوەی هەموو ئەوساڵانەی رابردوودا ئەلفێکی نەدرکاند تا ئەوکاتەی نەوشیروان لێی هەڵگەڕایەوە و نیشانەی لەخۆشی گرت؟ تاڵەبانی دەڵێ کەلە ساڵی 1981 نەوشیروان پیلانی کوشتنی خەڵکی داناوە و دواتریش لە ناکۆکی نێوان خۆیاندا گەیاندیویەتیە بڕیاری ئیعدام و کوشتن و تەفروتوناکردن. کارەساتی هەڵەبجەش دەستی ئەوی تێدایە، ئەی بۆچی لەماوەی نزیک بە 28 ساڵدا ئەو راستیانەت نەدرکاند!؟ ئایا سیاسەتی قازانجپەرستانەی راگرتنی نێومالی یەکێتی گرنگترە لە دان نان بەو هەڵە مێژویی و کارەساتە مرۆییەی"لەسەر دەستی نەوشیرواندا!" توشی خەڵکی هەڵەبجەتانکرد!؟ ئایا نەدەکرا لەسەر ئەو سیاسەتە بە قەولی خۆتان سەرشێتانەی نەوشیروان، هیچ نەبێ دوای راپەڕین، خۆتانی لێبێبەری بکەن، مادام کە دەڵێن ئێوەو بەشێکی زۆری مەکتەبی سیاسیەکەشتان لەگەڵی نەبوون!؟

جەنابی سکرتێری یەکێتی! دەکرێ ئێمەو خەڵکی کوردستان و تەنانەت ریزەکانی خۆشتان بپرسین ئەگەر هەر لەسەرەتاوە نەوشیروان "سەرچاوەی کێشەی ناو یەکێتی" بوە، "رابەری هێڵی کوشتن و تەسفیەی جەستەیی بوە"، "لەکاتە مێژوویە هەستیارەکاندا هەڵەی گەورەی توشی یەکیتی کردوە یان لەناوزەنگ خۆی شاردۆتەوەو رەخنەی روخێنەریشی گرتوە"، یان هەر "خەریکی پیلانگێری و دەستەگەری بوە"، ئەی بۆچی تا ساڵی 2006 نەوشیروان کەسی بڕیاربەدەستی دوەمی ناو یەکێتی بوەو هەمیشە ئێوە وەکو نزیکترین کەسی ناو رابەری یەکێتی مامەڵەتان کردوە! ؟ دەکرێ حیکمەتی ئەوسیاسەتەمان بۆروون بکەیتەوە.

ئەگەر وەڵامی تاڵەبانی ئەوەبێت کە نەوشیروان هێزی هەبوە لەناو یەکێتیداو بۆ پاراستنی یەکریزی حیزبەکەی ناچاربوە سازشی لەگەڵ بکات، وەکو لە راپۆرتەکەی پلینۆمدا دەڵێ:"نەوشیروان سکرتێری کۆمەڵەبوو"، خۆ کۆمەڵە لە کۆتایی هەشتاکانەوە هەڵوەشاوەتەوەو نەوشیروانیش بەقسەی خۆتان لەگەڵ زۆربەی کەسە ناودارەکانی کۆمەڵەدا تێکیدابوو! دەکرێ بپرسین ئەو سیحرە چیە کە دوای 17-18 ساڵ لە هەڵوەشانەوەی کۆمەڵەی رەنجدەران هێشتا دەستبەرداری سازشکردن نابن لەگەڵ ئەو شەیتانەدا کە هەر کێشە و گێچەڵ بۆ یەکێتی دروست دەکات و شەمەزاری و خەجاڵەتی بۆ یەکێتی دێنێ!؟

بەڵام لەوە قەباحەتتر ئەوەیە کە سەرباری هەموو ئەمانە کاتێک ساڵی 2006 نەوشیروان بەرپرسیارێتی لەناویەکێتیدا جێدەهێڵێ هێشتا "سکرتێری گشتی.. (دە ملیۆن دۆلار)و گردەکەو هەندێ شتی تری" دەداتێ! ئەی تاڵەبانی وەڵامی بۆئەمە چی دەبێت کە لەداهاتی قوتی زەوتکراوی خەڵکی کوردستان (10)ملیۆن دۆلار دەدات بەو کەسەی کە دەستی هەبوە لەبیانو دانەدەست سەدام بۆ کوشتنی (5000)کەس لە هەڵەبجە، لەکاتێکدا خەڵکی ئەو شارە وەکو پێویست لەسەرەتاییترین خزمەتگوزاری شارەوانی بەهرەمەندنین!؟ ئەی کێ ئەو مافەی دا بەتاڵەبانی کە گردێک بکاتە موڵکی نەوشیروان لەناو جەرگەی شاری سلێمانیدا لەکاتێکدا هەزاران خێزانی هەژاری ئەوشارە چەند مەترێک زەوییان نیە بیکەن بە سەرپەنایەک و تێیدا کەمێک بحەوێنەوە!؟

دڵنیام نە ئێمەو نە خەڵکی کوردستان و نەهیچ کەس هیچ کاتێک وەڵامی راستەقینەو واقعی ئەو پرسیارانە لەتاڵەبانی وەرناگرێتەوە. هەروەک دڵنیاشم کە ئەو راستیەی لەپشت ئەم سیاسەتە بەرژەوەندخوازانەی تاڵەبانیەوە بووە ئەوەیە کە تائەوکاتەی بەرژەوەندی سیاسی تاڵەبانی و نەوشیروانی لەناو یەکێتیدا کۆکردبۆوە، سەرباری"ناکۆکی فکری و سیاسیان!"، لەپەیوەند بە سیاسەتە گشتی و بنەرەتیەکانی یەکێتیەوە هیچ ناکۆکیەکی جدی لەنێوانیاندا نەبووەو هەردوکیان بە پلەی یەکەم و دوەم بەرپرسن لەهەموو ئەو تاوانانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێکردن و چەندین تاوانی دیکەش کە بەڕۆیشتنی کات دەردەکەون! راستیەکە ئاوایە کەتا ئەوکاتەی نەوشیروان رابەریی تاڵەبانیی قبوڵ کردبوو، تاڵەبانیش لاساریەکانی"کاکە نەوە"ی تەحەمول دەکرد! بەڵام کاتێک نەوشیروان و داروەستەکەی"ناپاکی" و "بێئەمەکی"یان بەرامبەر یەکێتی و تاڵەبانی نواند، ئیتر جامی تەحەمولی تاڵەبانی سەرڕێژبوو! کاتێک تاڵەبانی لە نەوشیروان دەڕەنجێ کە نهێنیەکانی ئاشکرا دەکات و دژی یەکێتی و دەسەڵاتی تاڵەبانی دەوەستێتەوە، بگرە لە 25/7/2009دا گۆڵی بردنەوە لە تاڵەبانی دەکات!؟ ئێستا ئیتر تاڵەبانی دەیەوێ تۆڵەی گۆڵەکە لەنەوشیروان بکاتەوە. بۆیە "کاکە نەوەی خۆمان" بوەتە خزمەتکاری راستەوخۆی "دوژمنانی کوردو کوردستان، داگیرکەرانی کوردستان و دوژمنانی دیموکراسی .." و" راستەوخۆ خزمەتی پیلانی کۆنەپەرست، بەعسییە سەددامیەکان، شۆڤێنیەکان و تیرۆریستان دەکات".

28/12/2009

# سەرچاوەی بە سیستماتیک کردنی تاڵانی و گەندەڵی دەسەڵاتە



عەبدوڵا مەحمود
abdulla.mahmud@gmail.com

ڕاگەیاندنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بڵاویانکردەوە کە بەپێی ڕێنمایی ژمارە 4 وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەمەودوا هەرکەسێک زانیاری دەربارەی گەندەڵی" گەندەڵی دارایی، گەندەڵی کارگێڕی، دزین یاخود ساختەکردنی نوسراوی ڕەسمی ئاشکرا بکات" خەڵات دەکرێت.

دیاردەی گەندەڵی یان دروستتر بڵێین دیاردەی فەرهود و بەتاڵانبردنی داهاتی خەڵکی کوردستان، یەکێک لەبەرچاوترینو بەرجەستەترین دیاردەی کوردستانە.

نەفرەت و تورەیی خەڵکی کوردستان بەگشتیو بەرەی ئازادیخوازو پێشکەوتنخواز بەتایبەتی، بەدژی گەندەڵی تەمەنی بەقەد تەمەنی دەسەڵاتداریێتی بزوتنەوەی قەومی کوردە لە کوردستاندا. لەو ڕۆژەوەی بزوتنەوەی قەومی کورد بەدیاریکراویش یەکێتی و پارتی دەسەڵاتی کوردستانیان بەدەستەوە گرتووە، ئەوەی هەرگیز فەرامۆشیان نەکردو بەنەخشەوە لێبڕاوانە بۆی لەمەیداندا بوون، بەتاڵابردن و فەرهودی داهاتی خەڵکی کوردستان بوو، ئەمە بە ئاودیوکردنی ممتەلەکاتەکانی بەنداوی بێخمەو ئەو ممتەلەکاتانەی بەعس لەدوای وەدەرنانی لەکوردستان، جێی هێشتبوو دەستی پێکرد. پاشان بە بەتاڵانبرنی زوربەی داهاتی نەوت بەرامبەر بەخۆراک و بڕیاری 986 درێژەی پەیدا کردو، پاشانیش ئەم ڕەوەندی فەهودە بە پاوانکردنی داهاتی کوردستان و لەلایەن یەکێتی و پارتیەوە، کرایە دیاردەیەکی ڕۆتین و شوڕکرایەوە ناو هەموو دام و دەزگاو ئیدارە حکومی و حزبیەکانیان... ئێستا زیاتر لە 18 ساڵە، ئەم ماتۆڕی بەتاڵانبردن و تیرۆری ئابوری کۆمەڵگایە دەچەرخی. هیچ پرۆژەیەکی ئابوری لەزەمینەی بازرگانی و بەڵێندەرایەتی یەوە تا هەموو کۆمپانیاکان، ڕاستەوخۆ بەحزبەوە بەسترانەوە، هیچ سەرمایەدارێک بەبێ ئەوەی بەشی لەحزبدا هەبێت، یان ڕاستەوخۆی حزب نەیچەرخێنێ، یان بەرپرسی حزبی و دۆستانیان نەبێت، شانسی کەڵک وەرگرتن لەهیچ پرۆژەیەکی بازرگانی و ئابوری لە کورستاندا پێنەردا.

لە سنوری قەڵەمڕەوی پارتیدا، پارتی و لە سنوری قەڵەمڕەوی یەکێتیشدا یەکێتی هەموو سەرچاوەکانی کەڵەکەکردنی سەرمایەیان، قۆغ کرد.

ئێستا سەرمایەی بەرپرسە حزبی و حکومیەکانی یەکێتی و پارتی، سەرمایەکی دزراو تاڵانییە. سەرمایەکە بەرهەمی کێبەرکێی ئابوری و کراوەیی بازاڕ و ئابوری ئازاد نییە، بەرهەمی ماندوبوون و خستنەگەری سەرمایەکی ڕۆتینی نییە، بەڵکە بەرهەمی بەتالانبرنی داهاتی خەڵک و قۆرغکردنی سەرچاوەکانی ئابوری و پارەیە. بەرگرتن بەم دزی و تاڵانییە حزبی و حکومییە سیستماتیکە، پێویستی بەگەڕان نییە بۆ ئەوەی بزانیت کێ گەندەڵی دەکات و کێ دەسەڵاتەکانی لەخراپ بەکارهێنانەوەو کردۆتە سەرچاوەیەکی بەبرشتی داهات و سود.

ئێستا ئینسان لەژێر باڵای بڵندی هەر ئاپارتمان و هەر بازاڕو مارکێتێکی گەورەدا، لە پشتی هەر قافڵەیەکی بازرگانیدا، لە پەنای کۆمپانیاکان و بەنزینخانە گەورەکاندا، لە کەرتە تایبەتیەکانی گواستنەوەو گەیاندندا، تادەگات بە بەڵێندەرایەتەکانی ڕێگاوبان و پرۆژەکان کە لەگەڵ تەوابونیان چاکسازی" تەعمیر" یان پێویستە، تا دەگات بەخاوەنی پێشانگا زەبەلاحە هەمەچەشنەکان وخاوەنانی چەند هەزار دۆنم زەویەکاندا.....تاد، کەسەکان" تالانچیەکان" دیارن.

ئەگەر بڕیارە دزەکان و فەرهودچیەکان دیاری بکرێن، ئەمانە هەموویان لە بارەگای ڕەسمی حزب و حکومەتدان یان ئەوان کەسانی ڕاسپردراو دەناسن. وە لەپشت سامانی زۆرو زەوەندی هەموو بەرپرسە حزبی و حکومیەکانەوە، تاوانێک هەیە، تاوانی دزی و تاڵانی و نابەرابەریو فەرهودی داهاتی کوردستان و خەڵکەکەی.

ئەگەر خەڵات دانراوە بۆ ئەوانەی گوایە گەندەڵی ئاشکرا دەکەن، نەک هەر گەندەڵی بەڵکە تاڵانچیانی ئاشکرا، پێویست بە دۆزینەوەیان ناکات و ئاشکران. ئاخر کام بەرپرسی باڵای یەکێتی و پارتی هەیە، کام بەرپرسی حکومی باڵا هەیە، کە خاوەنی سەرمایەی خەیاڵی نەبێت؟ ئەم سەرمایە و سامانە سەرچاوەکەی کوێیە؟ خۆ ئەم سامانە بە شێوەی ئاسایی و لە پرۆسەی بازاڕو کێبەکێی ئابوری و بەرهەمهێناندا کەڵەکەنەکراوە، ئەم هەموو کۆشکو باڵەخانە فیرعەونیانە، بە خێرو سەدەقە یان بەرهەمی ڕەنجی شان و ماندوبوون نییە.

ئەمانە هەموویان لە قوتی خەڵکی کورستان و لە خۆدزینەوە لە خزمەتگوزارەیەکان و لە پاوانکرنی بازاڕەوە، لە کەڵک وەرگرتن لە بەرپرسیاریەتیەکی نابەرپرسانە، پێکهنراون و قوتکراونەتەوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەوە دەچێت بەدوای دزە خوار پلە سەدەکانەوە بێت و پاداشتی دزە گەورەکان بکات، ئەگەر نا دزە گەورەکانو بەرپرسە باڵاکانی حزب و حکومەتن و سەروەت و سامانی نەقدی و غەیرە نەقدیان وەکو ڕۆژی ڕوناک دیارە یان قابیلی زانینە.

ئەم دزیە حزبی و حکومییە ئاشکرایەش، کە لە دوو جغرافیای دەسەلاتدا ئەنجام دراون و دەدرێن، لە بنەڕەتدا سەرچاوەکەی دەسەڵاتی میلیشیایی و بەرهەمی نەبونی دەوڵەت و هاوکات حکومەت و پێکهاتە دامەزراوەیی و یاسایەکانیەتی.

تا ئەوکاتەش کە دەسەڵات حزبی و میلیشیایی بێت، جغرافیا دابەشی دەسەڵاتی حزبی میلیشایی بێت، باسی بەدامەزراوەیی کردنی ئیدارە و بەڕێوەبردن، باسی یاسای سەراسەری یاسایی و قەزا، باسی بەرگرتن بەدزی و تاڵانی حزبی و کۆتایهێنان بەگەندەڵی هێندە درۆیەکی زەبەلاحە، کەسی پێناخەڵەتێنرێت.

لە فەزای نەبوونی حکومەت و دەوڵەت و سیستەمێکی دامەزراوەیی مۆدێرن و شەفافدا، هەموو بەرپرسیاریەتیەکی حزبی و حکومی دەشێ ببیتە سەرچاوەی گەندەڵی و دزی. دەسەڵاتی حزبی و میلیشیایی لەکوردستان نمونەیەکی بەرجەستەی ئەم دۆخەیە، تاڵانی و گەندەڵی لەلایەن

بۆ لاپەرە 8

# چەند قسەیەک سەبارەت بە بەرنامەی" دنیایەکی باشتر"



عەبدوڵا مەحمود
abdulla.mahmud@gmail.com

بەرنامە (دنیایەکی باشتر) لە ساڵی 1994 وە نوسراوە، بێگومان ئەو ماوەیە تائێستا، کە دەیەو نیوێکە، ئاڵوگۆری زۆر گەورە و چارەنوسساز وە کاریگەر لەسەر ئاستی دنیا ڕوویانداوە. بەرنامە دوای چەند ساڵێکی زۆر کەم یان باشترە بڵێین لە جەرگەی هێرشی ڕاست و چەپی بۆرژوازی دوای شکست و تەسلیم بوونی سەرمایەداری بلۆکی دەوڵەتی لەبەرامبەر سەرمایەداری بازاری ئازاد دا، نوسراوە. ئەم ئاڵوگۆرە جیهان داگرە گەورەیە کە مۆری خۆیدا لەهەموو هاوکێشە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و فکری و فەرهەنگی... و هەموو جموجۆڵە سیاسی و ڕێکخراوەیی و حزبیانەی دنیادا، ئاواش مۆرو سیمای ئەو دەورانە بە ڕۆشنی بە بەرنامەوە دیارە.

بەڵام سەرباری ئەم هەموو ئاڵوگۆرە دنیاداگرە، بەرنامە لە ئاستی گشتی خۆیدا بەوێنەی ڕەخنەی مارکسیستی لەم نیزامە و هەموو دەرهاویشتەکانی لە جەنگ و بێمافی و چەوساندنەوەو نابەرابەری ئابوری و هەموو کوێرەوەریەکانی... چ ئاڵوگۆڕی تیا بکرێت و چ وەکو خۆی بمێنێتەوە بۆ کاتێکی تر تا حزبەکانی سەر بە ڕەوتی کۆمۆنیزمی کریکاریی بە بەهاوبەشی لەسەر ئاڵوگۆڕی پێویست بە بڕیارو سیاغەیەکی گونجاو دەگەن، هیچ لە حەقانیەتی بەرنامەو بنەما و ناوەڕۆکی سەرەکی بەرنامە ناگۆڕێت. بنەما سەرەکی بەرنامە، کە ڕەخنەی ریشەیی یە لەم نیزامە، بەوێنەی نیزامێکی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی ...تاد. پایە بنەرەتیەکانیشی کە بریتییە لە بە کاڵا بوونی هێزی کارو خاوەندارێتی چێنی سەرمایەدار بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێناندا، وەکو کرۆکی سەمایەداری و بناغەی چەوساندنەوە ، و جەنگ و ماڵوێرانی و بێمافی.... وەکو خۆی باقییە. بەڵام لە ئاستی تایبەتی تردا، ئەو تایبەتمەندیانەی بە پێی وڵاتی لە بەرنامەدا مشەخەس کراونەتەوە، بە ئاڵوگۆڕی سیستەمی سیاسی، ئاڵوگۆڕی پێویست دەخوازێ و هەرکام لەو حزبانە بەپێی واقعیەتی سیاسی و ئابوری و چینایەتی و سیستەمی سیاسی ئەم دەورانە دەتوانن لە کۆنگرەدا، ئاڵوگۆڕی پێویست بکەن.

لەو نێوەدا پێویستی ئاڵوگۆر لە بەرنامەدا بۆ هەردوو حزبی عێراق و کوردستان زۆر بەرجەستەیە. ئێمە لێرەدا تەنها لە پەیوەند بە بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانەوە گرنگترین ئەو ئاڵوگۆڕانە کە بە کەوتنی بەعس پێویستە بکرێن لە بەرنامەدا ئێشارە پێدەکەین و ئەکەینە بابەتی گفتۆگۆ.

## کەوتنی بەعس و دەسەڵاتی دوای بەعس

لە دەسەڵات کەوتنی ڕژێمی بەعس بەوێنەی سیستەمێکی سیاسی دیارکراو سەرباری ئەوەی کە بەرهەمی شۆڕش و هەڵسانی جەماوەری لەخوارەوەی خەڵک نەبوو، بەڵام کەوتنی ئەم ڕژێمە بۆوە مایەی ئاڵوگۆڕێکی گەورە لە پێگەی ناسیونالیزمی عەرەبی لە دنیای عەرەبداو لە عیراقیشدا.

ئەگەر دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق بەوێنەی دەوڵەتێکی عەرەبی و قەومی کە عێراق بە بەشێک لە نیشتمانی عەرەب و خەڵکەکەشی بە بەشێک لە نەتەوەی عەرەبی پێناسە کردبوو، وە لەیەکەمین ساتەکانی پێکهاتنیەوە، هەڵگری فایرۆسی دەمارگیری قەومی بوو. ئەوا بەدیاریکراوی ڕژێمی بەعس لەماوەی دەسەڵاتدارێتی خۆیدا نوینەرایەتی بە کردەوەی ئەو دەمارگیریەیە قەومیەی بەدەستەوە گرت. بەنەخشەوە ئاراستەی کرد و بەزۆر مۆری ناسیونالیزمی عەرەبیدا لە ناوچەوانی دانیشتوانی خەڵکی عێراق. هەروەها بە دکتاتۆریەتێک کە لەبەرامبەر بە ئازادی و ناڕەزایەتییە سیاسی و جەماوەریەکان پیادەی دەکرد، جێگای بۆ هیچ دەنگ و ڕەنگێکی ناکۆک بەخۆی نەدەدا سەر بەرزبکاتەوەو پێبگرێ، بەزوویی لەڕێگای دەزگا هەمەڕەنگە سەرکوتکەرو جاسوسیەکانەوە، ڕوبەڕووی سەرکوتی خوێناوی دەبۆوە. هەر بزوتنەوەیەکی سیاسی و جەماوەری لەهەر گۆشەو شوێنێکی عێراق لەدژی هەرچەشنە بێمافیەک و بۆ هەر خواستێکی ڕەوا وەڕێخرابێت، یان هەر بزوتنەوەیەک بەهەر ناسنامەیەکەوە خۆی نوندبێ و نیشان دابێت، لە ئاستی حزبی و ڕێکخراوەی سیاسی یان کەسایەتی و بزوتنەوەی خۆبەخۆ.... و بووبێت، لەخوێن هەڵکێشاوەو بە زەبروزەنگ و سەرکوت، هەوڵی لە بەینبردنی داوە.

لەو نێوەدا هەڵاواردنی قەومی و دابەشکردنی دانیشتوان لەسەر بنەمای ئینتیمای میللی کردبوو بە یەکێک لە پایە بەرجەستەکانی قەوارەو مانەوەی دەوڵەتی عێراق. جگە لەوەش ڕژێمی بەعس بە خۆشکردنی ئاگری هەستی قەومی و سەرکوتکردنی هەر بزوتنەوەیەک بۆ وەستانەوە بەڕووی ئەم ناسنامە قەومیەو هەڵاواردنە ئاشکرایەدا، وە بە وەستانەوەی خوێناوی بەڕووی ناڕەزایەتی و بزوتنەوەی حەقخوازانەی خەڵکی کوردستاندا بۆ مافەکانیان، وە بەکارهێنانی هەموو ڕێگایەکی پڕ زەبرو زەنگ لەبەرامبەر بە خوازیارانی ئۆتۆنۆمی و خودموختاری و مافی فەرهەنگی و خویندن و... کێشەو قڵشتی قەومی کردبوو بە یەکێک لە سیما قێزەونەکانی کۆمەڵگاو بەمەش کێشەی کوردی کردبوو بە گرێیەکی گەورە و ئاڵۆسکاو ترسناکی کۆمەڵگای عێراق. ناسیونالیزمی کوردیش بە بەدەستەوەگرتنی ئەم کێشەیە و خۆبەستنەوەی بە خواستەکانی خەڵکی کوردستانەوە تاڕادەی خۆ بەخاوەن هەڵخستنی و لێکهەڵپێکانی مێژووی حەقخوازانەی خەلکی کوردستان بە مێژووی خۆی لە پێناو پچرینی بەشداری لە دەسەڵاتی مەرکەزیدا ئەم کێشەیەی لە عێراقدا، تائەو پەری خۆی پەلکێش کرد. کەوتنی ڕژێمی بەعسی قەومی عەرەبی کۆتایی بەم دەورانێکی ڕەش هێنا چ لە عێراق و چ لەناوچەکەدا.

کۆتایهێنان بەدەسەڵاتی بەعس هەر وەکو چۆن خواست و ئارەزووی زوربەری هەرە زۆری دانیشتوانی عێراق بوو، یەکێک لە ئەرک و پێشمەرجەکانی شۆڕشی کرێکاری بوو لە عێراقدا، کە لە بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریدا هاتبوو. چونکە کۆمۆنیزمی کرێکاریی و حزبەکەی لە عێراقدا هەر ئاڵوگۆڕو باش بونێکی ڕیشەیی و بەرجەستەی لە ژیانی مادی و مەعنەوی خەڵکی عێراقدا بە ڕوخاندنی ڕژێمی بەعسەوە گرێدا بوو. لە ساڵی 2003 وە کە رژێمی بەعس نەماوە هاوکات دروشمی ڕوخاندنی ڕژێمیش کە نەماوە، کۆتایی هاتووە.

بەدوای دەسەڵاتی بەعسەوە، دەسەڵات لە عێراقدا تا ئێستا بەدەست ئەمریکایە، و لە ڕێگای پێکهێنانی حکومەتی تەوافوقیەوە ئەمریکا نەخشەو سیاسەتەکانی خۆی لە عێراقدا، دەباتە پێشەوە. لەعێراقدا تائێستا دەسەڵات لەدەست هیچ هێزێکی سیاسیدا نەگریساوەتەوە، تەمەرکوز نەبووە. دەسەلات لەسەر بنەمای شوناسی قەوم و دین و تایفەو... بە شێوەی تەوافق" سازان" لەسەر مەبنای پێگەی میلیشیایی حزب و هێزو قەوارە سیاسیەکان، و هاوسەنگی هێزو پانتایی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی میلیشیاکانیان، دابەشکراوە. هەرکام لەو هێزو لایەنانەش سەر بەیەکێک لە وڵاتانی ناوچەکەن یان بە پشتیوانی مادی و لۆجیستیکی ئەوان دەجوڵێنەوە و هەندێکیشیان تەنها نەخشی وەکالەتی دەبینن .

هیچ کام لەو هێزە سیاسیانەی ئێستای بەشدار لە حکومەتی عێراقیدا، زەرەیەک ئینسانیەت و ئازادیخوازیان تیا نییە، هیچیان بڕوایان بە دیموکراسی" بەمانا بورژوازی و باوەکەی" نییە، هەموویان هێزی تاسەرمۆخ کۆنەپەرستن و دژی خەڵکین. بۆ بڕانەوەی هەر کێشەیەک لە پەرلەماندا!!، لەسەر شەقام و شوێنی ژیان و گوزەرانی خەڵکیدا، قەتڵگا وەرێدەخەن. تا نیشانی بدەن خاوەنی هێزو توانای جەنگینین.

مامەڵەی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی کوردستان، لەگەڵ ئەم دەسەلاتەدا، پێویستی بە پێناسەکردنێکی ڕۆشنە لە بەرنامەدا، ڕاستە حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی کوردستان لەگەڵ دەسەڵاتی بورژوا ناسیونالیستی کورد بەرەو ڕووە و مەیدانی سەرەکی هەڵسوڕانی کوردستانە. ئەوەش ڕاستە کە زوڵمی قەومی لەسەر کوردستان نەماوە، بەڵام مادام تا ئێستا کوردستان بە ڕەسمی لە دەوڵەتی مەرکەزی دانەبڕاوەو نەبۆتە ولاتێکی سەربەخۆ، ئەگەرو هەڕەشەی دوبارە داسەپاندنەوەی زوڵمی قەومیش هەیە. دەسەڵاتی ناوەندی هەر هێزو بزوتنەوەیەک بیبات بەڕێوەو بەهەر لایەکدا تەمەکوزی دەسەڵات بشکێتەوە، یەکێکە لەو لایەنە سەرەکیانەی کە کۆمۆنیزمی کرێکاریی بەگشتی و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی لە کوردستان لەگەڵی بەرەو ڕووە. بۆیە بەرنامە دەبێ ئەم ئاڵوگۆڕە پێکبهێنێت، لەجێگای ئەوە فۆرمۆلبەندی تر بخاتە جێگاکەی کە مامەڵەی حزب و شۆڕشی کرێکاری لەگەڵ دەسەڵاتی ئێستای دوای بەعس، مشەخەس بکاتەوە.

## کۆتاییهاتنی زوڵمی قەومی و هەڵواسراو مانەوەی کێشەی کورد

هاوکات کەوتنی ڕژێمی بەعس لەدەسەڵات، خود بەخود زوڵمی قەومی لەسەر خەڵکی کوردستان کۆتایی پێهێنا، سیاسەتی تەعریب و تەبعیس و تەهجیرو سەرکوت و زیندان، پلە دوویی ... بە کورتیەکەی کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی بەعس لەگەڵ خۆیدا کۆتایی هێنا بەشەڕێکی هەمەلایەنەو جەنگێگی هەموو ڕۆژە کە لەدژی خەڵکی کوردستان چەندین دەهە بوو بەردەوام بوو. بەلام دیارە ئەوە مانای ئەوە نییە کێشەی کورد لە عێراقی دوای بەعسدا بەچارەسەر گەیشتوەو براوەتەوە، نەخێر زوڵمی قەومی کۆتایی هاتووە بەلام کێشەی خەڵکی کوردستان بەچارەسەری کارساز و عەمەلی نەگەیشتووە. کێشەی خەڵکی کوردستان بە هەڵواسراوی ماوەتەوە و ڕوبەڕووی چەند ئەگەرێکە. لەوانە لکاندنەوەی بە عێراقەوە لە ڕێگای هەوڵەکانی بزوتنەوەی قەومی کوردەوە کە هەوڵەکانیان کۆکە لەگەڵ هەوڵی بزوتنەوەی قەومی عەرەبی لەچاوچێوەی بەڕەسمی ناسینی دەسەلاتدارێتی ئێستایاندا بەسەر خەڵکی کوردستاندا و وەرگرتنی زەمانەتی ئەم دەسەلاتدارێتییە ئێستا. هەروەها دەست کورتبوونەوەی بەکردەوەی ئەمریکاو ناکامیەکانی لەعێراقدا زەمینە خۆش دەکات بۆ دەخالەتی زیاتری وڵاتانی ناوچەکە تا ڕادەی داگیرکردنی کوردستان" ئەگەر زۆر کاتیش بیت" و کۆتاییهێنان بەم شێوە لە دەسەلاتدارێتی ناسیونالیزمی کورد، ئەگەرێکەو بەرژەوەندیەکانی دنیا ئەمانەی لە مەحاڵ تێپەڕاندووە، بەتایبەت بۆ پاشەکشەپێکردن بە پێگەی بزوتنەوەی قەومی کورد لە ئێستادا کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر بزوتنەوەی ناسیونالیستی وڵاتانی ناوچەکە مەلموسە. وە مانەوەی کوردستان بەو حاڵەتەی ئێستایەوەو بە بارمتە گرتنی کێشەکەی و بەکارهێنانی هەموو ڕۆژەی لەکێشمەکێشی سیاسی نێوان بزوتنەوەی قەومی کوردو بزوتنەوەی ناسیونالیستی عەرەبیدا بە ڕەوت گەلی ئیسلامیشەوە، ئەگەرێکی ترەو ماوەی پێنج ساڵە وەستانی بۆ نییە.

ئەگەری خۆجیاکردنەوەی بزوتنەوەی حەقخوازانەی خەڵکی کوردستان لە ئاسۆو ئامانجی بزوتنەوەی قەومی کورد و وەگەرخستنی خواستی سەربەخۆی خەڵکی کوردستان خستنەگەری ئیرادەی جەماوەری بۆ گۆرینی بە بزوتنەوەیەکی بەهێزی سیاسی و کۆمەلایەتی لە پێناو جیاکردنەوەی کوردستان و پێکهێنانی ولاتێکی سەربەخۆ... ئەو ئەگەرە سەرەکیانەن کە لەبەردەم ئایندەی خەڵکی کوردستاندایە. ئەمە یەکێکی ترە لەو ئاڵوگۆڕانەی کە دیسان پێویستە لە بەرنامە بێت.

## ناسیونالیزمی کورد و لە ئۆپۆزیسۆنەوە بۆ ناو قدرەت

تا ئەو کاتەی بەعس لەسەر کار بوو ناسیونالیزمی کورد، ئۆپۆزیسۆنی ڕژێم بوو. هەمیشە لە کێشمەکێشدا بوو لەگەڵ بەعس بۆ پچرینی بەشی حاکمیەت لە دەسەلاتی ناوەندیدا. کەوتنی ئەم ڕژێمە، لە ئاکامی جەنگێگی فراوانی جیهانیدا لە جغرافیای عێراقدا، بزوتنەوەی ناسیونالیزمی قەومی کوردی لە ئۆپۆزیسۆنەوە کرد بە بەشە دەسەلات و ئەو خەونەی چەندین دەهەبوو بۆی لە "جەنگ و مفاوەزات"دا بوو بە کەوتنی بەعس پێی گەیشت.

سەرباری ئەوەی بزوتنەوەی قەومی کورد لە 1991 وە لەزوربەی کوردستاندا، دەسەلاتی هەبوو، بەڵام مانەوەی بەعس لەدەسەلات و بوونی هێزەکانی لەسەر سنورەکانەوە، لەلایەکەوە ئەم دەسەلاتەی بە ناجیگرو هەرەشەلێکراو ڕاگرتبوو، هاوکات شانشی بەشداری دەسەلاتی لەگەڵ بەعسدا بۆ مەیسەر نەبوو.

کەوتنی بەعس لە ساڵی 2003 وە لەلایەکەوە هەڕەشەی بەکردەوەی دەسەلاتی ناوەندی کە وەکو مۆتەکە وابوو لەسەر دەسەلاتدارتی ناسیونالیزمی کورد کۆتایی پێهێنا، لەلایەکی تریشەوە ئەوانی گەیاند بەدەسەلات و لە ئۆپۆزیسیۆن بوونی خستن. ئێستا ناسیونالیزمی کورد خاوەنی پێگەیەکە لە دەسەلاتی ناوەندو چەندین پۆستی بالا لە ئاستی حکومەت و ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمان و سوپاو ئابوری و.... لەدەست خۆیاندایە و بەشێکن لە قدرەت. لە کوردستانیشدا تاڕادەیەکی زۆر ڕەسمیەتیان بەخشیوە بە دەسەلاتیان و لەهەوڵی ئەوەدان ئەم پێگەو دەسەلاتە بپارێزن و زەمانەتی تێکنەچوونی لە ناوەندەکانی نێو دەوڵەتیدا بۆ مەیسەر بکەن.

## کۆمۆنیزمی کرێکاریی لە کوردستان و ناسیونالیزمی کورد

بەدوای کەوتنی بەعسدا و دیار نەبوونی ئاسۆیەک بۆ دامەزراندنی دەسەلاتێکی مۆدێرن و حکومەتێکی سکولاری غەیرە قەومی کە تیایدا دانیشتوانی عێراق بەبێ لەبەرچاوگرتنی ناسنامەی قەومی و دینی و تایفی و وەکو ئەندامانی خاوەن مافی یەکسانی کۆمەڵگا بن، و هیچ جۆرە جوداسازیەک جا پۆزەتیف یان نێگەتیف لەبەرامبەر خەڵکی سەر بەمیللەتە جیاجیاکاندا پیادەنەکرێت. هاوکات بەهۆی خولقاندنی جوداسازی و داتاشینی ناسنامەی قەومی و تایفی و مەزهەبی و بەسەر دانیشتوانی عیراقدا، هێندەی تر دابڕاوی بەکردەوەی 13 ساڵی کوردستانی لە عێراق، دابڕاوتر کرد. ئەمەش ئەرکێکی گرنگ و تەنانەت چارەنوسسازی خستە سەرشانی ڕەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاریی تا ئارایشی تازە بەخۆی بدات. بەپرسیاریەتی نیشاندان لەبەرامبەر ئەم ئەرکەدا پێداویستی پێکهاتنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی بۆ کوردستان، کردە هەنگاوێکی دواخستن هەڵنەگر.

کۆمۆنیزمی کرێکاریی و حزبەکەی" حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق" پێش پێکهاتنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، تا ئەوکاتەی بەعس لەسەر کار بوو وەکو هەموو حزبەکانی تری سەر گۆررەپانی سیاسی عێراق و کوردستان و ئۆپۆزیسۆنی ڕژێمی بەعس بوو. بە نەمانی بەعس ئەگەر حزبە دەسەڵات بەدەستەکانی بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد، بونە خاوەنی دەسەلات لە ناوەندو لە ئۆپۆزیسون بوون کەوتن. ئەوا پێکهاتنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، ڕاستەوخۆی بەمانای پێکهاتنی حزبی ئۆپۆزیسۆنی واقعی و ڕاستەقینەی دەسەلاتی بۆرژوا_ ناسیونالیستی کوردە لە کوردستانی عێراقدا. ... دیارە جگە لەو چەند مەسەلە میحوەریە، کە پێکهاتووە لە مەسەلەی کەوتنی بەعس و تەشخیسکردنی سیاسەتی ڕەسمی بەرنامەیی بەرامبەر بەدەسەڵاتی دوای بەعس، کۆتایی هاتن بە زوڵمی سەر خەڵکی کوردستان بێچارەسەری کێشەکەی و هەڵواسراو مانەوەی کێشەی کورد. گۆڕانی جێگاوڕێگای بزوتنەوەی ناسیونالیستی کوردو کۆتاییهاتن بە ئۆپۆزیسۆن بوونی و گەیشتنی بە دەسەڵاتی مەرکەز. پێکهاتنی حزبی کۆمۆنیستی

بۆ لاپەرە 7

## تەوەرەی تایبەت بەبەرنامەی دینایەکی باشتر

**ڕوونکردنەوەیەک بۆ خۆێنەران.**

یەکێک لەباسەکانی کۆنگرەی دووەمی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، چاککردنی بەرنامەو داڕشتنەوەی بوو بەپێی ئەو گۆڕانکاریانەی کەلەم دوودەیەی دوایدابەسەر کۆمەڵگای کوردستاندا هاتووە، بەجۆرێک کەبەرنامەی کۆمۆنیزمی کرێکاری هەموو ئەم ئاڵۆگۆرانە لەخۆی بگرێ و ئاڕاستەیەکی سیاسی و پراتێکی نوێ بخاتە بەردەم هەڵسووڕانی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی کرێکارییەوە لەکوردستان. بۆئەم مەبەستەش کۆنگرە بڕیاری دا کە هەم لەئاست کۆمەڵگادا و هەم لەنێو هەڵسووڕاوان و خاوەن بۆچوونی نێو بزوتنەوەکەماندا دەرگای دیالۆگ و قسەوباس بخاتە سەرپشت تا لەیەک مونازەرەی تێوەریدا ئەو بەندانەی کەپێویستیان بەچاککردن هەیە گەلاڵە بکرێتەوە. لەم سۆنگەیەوە بلاوکراوەی ئۆکتۆبەر بەسەرپەرشتی هاوڕێ عەبدوللا محمود، ئەم تەوەرەی داناوە و هەرجارە ڕاوبۆچوونی یەکێک لەهاوڕێیان و خاوەن نەزەران بلاودەکاتەوە. لەم تەوەرەدا بووار لەبەردەم هەمواندا کراوە وئازادانەیە هیوادارین بەرەو ڕووی بەشداری گەرمی ئێوەببیتەوە. تکاشامان ئەوەیە کە بۆ ناردنی بابەتەکانتان وەیا وەرگرتنی هەرجۆرە زانیاری ودانی پیشنیارێک سود لەم ئەدرەس ئیمەیلە وەربگرن:
abdulla.mahmud@gmail.com



# بەشداری ئەنتەرپوڵ لە پیلانی جمهوری ئیسلامیدا، مایەی شەرمەزاریە!



ریبوار ئەحمەد

رژیمی تیرۆریست و ئینسانکوژی جمهوری ئیسلامی، کە لە ئاستی دنیادا بە رژیمی تیرۆرو ئیعدام و کوشتارو سەرکوتی خویناوی ناسراوو ریسوایە. دەیەوێ ئەو تاوانانەی خۆی تیایدا نوقم بووە، بخاتە ئەستۆی رابەران و هەلسوراوانی ئۆپۆزیسیونی. ئەوە جیگای سەرسورمان نیە کە ئەم رژیمە هارو ریسوایە، تۆمەتی تیرۆریزم و تاوانکاری بخاتە ئەستۆی هیزەکانی ئۆپۆزیسیونی خۆی. لە نیو ئەوانیشدا رابەران و هەلسوراوانیکی کۆمۆنیست، کە دەیان سالە لە ریزی پیشەوەی خەبات و تیکۆشان دژی ئەم رژیمە تیرۆریستە، بۆ بەرگری لە ئازادی و مافەکانی جەماوەری کریکارو زەحمەتکیش و ژنان و لاوان و مندالان و زیندانیانی سیاسی راوەستاون. بۆ هەرکەس و لایەنیک کە تۆزقالیک ئاگای لە مەیدانی سیاسەتی ئیران بیت، ئاشکرایە کە چەندە کارنامەی تیرۆرو کوشتارو ئیعدام و تاوانکاری جمهوری ئیسلامی ئاشکراو بەرجەستەیە، بە هەمان ئەندازەش کارنامەی خەبات و تیکۆشانی ئەو رابەرو هەلسوراوانەی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری حیکمەتیست، لە دژی تیرۆریزم و سەرکوت و بیمافی، ئاشکراو بەرجەستەیە.

ئەم پیلانە چەپەلەی جمهوری ئیسلامی، هەرچەندە ریسواو رەزیلانە بیت، بەلام لە دنیای ئەمرۆدا کە چەندین دەولەت و هیزو لایەنی خاوەن بەرژەوەندی کۆنەپەرستانە، بە شیوەی جۆراوجۆر خەریکی بەندوبەست و چاوشارکین لەگەل رژیمی تیرۆرو ئیعدامی جمهوری ئیسلامیدا، جیگای هەلویستەو کاردانەوەی جدیە. ئەم رژیمە ئەو واقعەیەتە دەبینی کە زۆر دەولەت و لایەن، ئامادەن لە پیناو بەرژەوەندی کۆنەپەرستانەدا، بەندوبەستی لەگەلدا بکەن، بۆیە پەنا بۆ پیلانی ریسوای لەم جۆرە دەبات.

لایەنی مەترسیداری ئەم پیلانە چەپەل و رەزیلانەیە ئەوەیە، کە ئەگەر هەر لە جیگای خۆیدا نەخنکینریت، دەرگایەک دەکاتەوە بۆ ئەم رژیمە کە بەردەوام ئەم لیستە بە ناوو پۆستەری رابەران و هەلسوراوانی ئۆپۆزیسیونی خۆی دریژترو دریژتر بکاتەوە. ئەم پیلانە کە بەدانی تۆمەتی پوچ لە کۆمەلیک هەلسوراوو رابەری ناسراوی ئۆپۆزیسیونی ئیرانی دەستی پیکردوە، سەرەتایەکە بۆ کاریکی لەم بابەتە دژی هەموو ئۆپۆزیسیونی سیاسیو مخالفینی ئەم رژیمە. بۆیە دەبی هەر لەم سەرەتایەدا بە بەرپەرچدانەوەی هەموو ئۆپۆزیسیونی ئەم رژیمەو هەموو لایەنگرانی ئازادی و مافەکانی ئینسان و خەباتکارانی دژی تیرۆرو ئیعدام و سەرکوتی سیاسی لە ئاستی هەموو جیهاندا، مەحکوم بە شکست و ناکامی بکریت.

ئەوەی لەم نیوەدا جیگای راچلەکان و هەلویستەیەکی زۆر جدیە بۆ سەرجەم بەشەریەتی ئازادیخوازو موتەمەدنی دنیا و هەموو هیزو دامەزراوەکانی لایەنگری ئازادی و مافەکانی ئینسان، هاوکاری ئاشکراو شەرمهینەری پۆلیسی نیودەولەتیە لەگەل ئەم پیلانە چەپەلەدا. ئەم دەزگایە بە چاوی داخراوەوە کەوتوەتە پیش بۆ هاوکاری ئەم پیلانە حەقیرەی ئەم رژیمە تیرۆریستە. ئەنتەرپول هەمان ئەو تۆمەتانەی لە پای ئەم کەسایەتیانە نوسیوە کە دادگای ئەو رژیمە سەرکوتگەرە بۆی هەلبەستوە. بەلام ئەوە جیگای باوەرنیە کە ئەنتەرپول لە نەزانی و بیئاگاییدا ئەم کارەی کردبیت و کلاوی جمهوری ئیسلامی چوبێ بەسەریدا. چونکە هەر هاولاتیەکی سادەی هەر گۆشەیەکی ئەم دنیایە کە بریک لە ئەلف وبێی سیاسەت سەردەربهینی و ئاگای لە وەزعی رۆژهەلاتی ناوەراست بیت، دەزانێ ئەم رژیمە هارە چ دەوریکی چەپەل دەگیریت لەو ناوچەیە بۆ سازماندانی هیزو باندو ریکخراوی تیرۆریستی و ئیمکانیەت هەلرشتن بۆ تیرۆریزمی ئیسلامی و یەکیکە لە فاکتەرە گەورەکانی نا ئەمنی ئەو ناوچەیە. کی هەیە نەزانی ئەم رژیمە تا ئیستا دەیان هەزارکەسی لە مخالفینی خۆی هەلواسیوە، دەیان کەسی تریشی لە دەرەوەی سنورەکانی ئیران تیرۆر کردوە، بە سەدان هەزار کەس لە هەلسوراوان و مخالفینی سیاسی ئەم رژیمە ناچار بە ژیانی پەنابەری کراون. چۆن دەکریت باوەربکریت ئەنتەرپول لە نائاگاییدا، شانی داوەتە ژیرباری هاوکاری پیلانی ئەم رژیمە و هیچ گومان و هەلویستەیەکی نەکردوە لە ئاست حوکمی ئەو دادگایایەی کە تا ئیستا حوکمی ئیعدام و سەنگەساری بەسەر هەرزاران هاولاتی بیتاواندا سەپاندوە؟

ئەم رەفتارەی ئەنتەرپول مایەی گەورەرتین شەرمەزاریە بۆ ئەم دەزگایە. بەلام تەنها شەرمەزارکردن بەس نیە. چونکە ئەم هەنگاوە کاریکی وەها دەکات کە ئیتر هەلسوراوانی سیاسی و ئۆپۆزیسیونی ئەم جۆرە دەولەتە سەرکوتگەرانە لە جەرگەی ئەوروپاشدا هەلسورانی سیاسیان بەرتەسک بیتەوەو ئەمنیەت و ئارامیان بۆ نەمینێ. پێویستە ئەم تاوانەی ئەنتەرپول لەگەل شەپۆلی نارەزایەتی و نەفرەتی بەربلاوو پانو پۆری لایەنگرانی ئازادی و مافەکانی ئینسان لەسەراسەری دنیادا بەرەورووبیت. ئەنتەرپول دەبی باجی ئەو تاوانە گەورەیە بداتەوە کە لە جیاتی گەران بەدوای باندە تیرۆریست و ئینسانکوژەکانی جمهوری ئیسلامیدا، کە لیستیکی دریژ لە هەلسوراوانی سیاسی مخالفی ئەم رژیمەیان تیرۆرکردوە، لەوانە غولامی کشاوەروز و قاسملۆو شاپور بەختیارو شەرەفکەندی و ×دیقی کەمانگەرو...کەچی بە چاوی داخراوەوە کەوتوەتە هاوکاری و بەرەوپیشبردنی دەستوری ئەم رژیمە تیرۆریستە. ئەمە خەتایەکی گەورەیەو دەبی باجەکەی بدریتەوە.

هەر هیزو لایەنیک ئەم هەنگاوە بە جدی نەگریت و کاردانەوەی شایستەی نەبیت لە بەرامبەریدا، تەنها دەتوانی بەلگەی ناجدیبونی خۆی بیت لە ئاست ئەو پیلانەی کە ئەگەر بڕواتەسەر، دەتوانی




تەنانەت مەیدانی دەرەوەی وولاتیش لە هەموو ئۆپۆزیسیونی ئەم رژیمە نائەمن بکات. تا ئەو جیگایەی بە پیلانی جمهوری ئیسلامی دەگەریتەوەو چۆنیەتی لیکدانەوەی ئەوەی کە ئەم پیلانە ئەگەر سەربگریت عاقیبەتەکەی چۆن دەبیت، بە جیگای خۆی. هەر هیزولایەنیکی سیاسی دەکریت بە هۆی ریبازی سیاسی یان حەساسیەت یان تەسکبینی خۆیەوە، ئەوسەری ئەم هاوکیشەیە و ئاکامەکەی نەبیت، یان نەیسەلمێنێ. بەلام لانی کەم ئەوەی کە ئەنتەرپول بەم راشکاویە شانی داوەتە ژیرباری هاوکاری ئەم رژیمە تیرۆریستیە و ناوو پۆستەری هەلسوراوانیکی سیاسی ناسراوی ئۆپۆزیسیونی رژیمی ئیرانی بە تۆمەتی تیرۆریزم و تاوان راگەیاندوە، هەر لەم ئاستەداو بەبێ ئەوەی هیچ هەنگاوریکی تری بەدوادابیت و بەدەر لە هەر لیکدانەوەیەک، رووداویکی زۆر گەورەو راچلەکینەرە و کاردانەویەکی گەورەی دەوێ. خۆلادان لەمە خۆلادانە لە بەرپرسایەتیەکی سیاسی گەورەو بەلگەی نەوبونە لە ئاستی ئەو بەرپرسایەتیە.

هەروەها ئەم رووداوە بە توندی پەیوەست دەبیت بە کۆمەلگای عیراق و هیزە سیاسیەکانی سەر ساحەی سیاسی عیراقەوە. جمهوری ئیسلامی سالەهایە عیراقی کردوەتە یەکیک لە مەیدانە سەرەکیەکانی بردنە پیشی کاری تیرۆریستی. پیشتر باندەکانی ئەم رژیمە شارەکانی کوردستانیان کردبوە مەیدانی تەراتینی خۆیان و دەیان و بگرە سەدان کاری تیرۆریستیان تیایدا ئەنجامداوە. لەم سالانەی دوایشدا بە هۆی ئەو هەلومەرجەی لە ئاکامی شەرو داگیرکاری ئەمریکادا خولقاوە، دەرگا بۆ جمهوری ئیسلامی ئاوەلابووە کە سەراسەری عیراق بکاتە مەیدانی کاری تیرۆریستی. ئیستا ئەم رژیمە دەستی خستوەتە نیو زۆریک لە دام و دەزگاکانی ئیستای عیراقەوەو فاکتەریکی گەورەی ئەو وەزعە نائەمنەیە کە بۆ خەلکی عیراق خولقینراوە. چونەپیشی ئەم پیلانەی جمهوری ئیسلامی و هاوکاری ئەنتەرپول لەگەلیدا، دەستی ئەم رژیمە لە هەموو ئاستیکدا بۆ کاری تیرۆریستی و ئاژاوەگیران و تیکدانی ئەمنیەت، هەروەها هاوکاری دام و دەزگا میلیشیایەکانی دارودەستەی حاکمی ئیستای عیراق لەگەلیدا ئاوەلاتر دەکات.

شایانی باسە کە چەند مانگ لەمەوبەر، پیش ئەوەی ئەنتەرپول بە رەسمی بکەویتە هاوکاری ئەم پیلانە، دامو دەزگاکانی دارودەستەی حاکمی ئیستای عیراق کە بەشیکی زۆریان بە دەستوری جمهوری ئیسلامی دەجولینەوە، هەر بە ناوی ئەنتەرپول و داواکاری رژیمی ئیرانەوە، کەوتبونە خۆ بۆ بردنەپیشی ئەم پیلانەی جمهوری ئیسلامی. لەم بارەیەوە لەگەل بەرپرسانی کۆنگرەی ئازادی عیراق پەیوەندیان گرتبوو، داوای زانیاریان لەسەر ئەم 12 کەسایەتیە کردبوو. بیگۆمان لەلایەن کۆنگرەی ئازادی عیراقەوە وەلامی شایستەیان وەرگرتبووە. بەلام ئەوکات مەسەلەکە هەر لەم ئاستەدا وازی لیهینرا و بە جدی نەگیرا، چونکە لە راستیدا ئەم رادەیە لە فەزاحەت بۆ ئەنتەرپول پیشبینی نەدەکرا.

بۆیە ئەوە ئەرک و بەرپرسایەتیەکی سیاسی گەورەیە لە ئەستۆی هەموو ئەو هیزانەی کە بەتەنگ ئارامی و ئەمنیەت و پاک راگرتنی فەزای سیاسیەوەن، هەلویستی مەحکەم بەرامبەر ئەم مەسەلەیە بنوینن، ئەم پیلانەی جمهوری ئیسلامی و بە تایبەت هاوکاری ئەنتەرپول لەگەلیدا، مەحکوم و ریسوا بکەن. بە تایبەتی بەرەی چەپ و ئازادیخوازی ئەم کۆمەلگایە، ریکخراوەکانی کریکاران و لاوان و ژنان و لایەنگرانی مافەکانی ئینسان، هەر حیزب و لایەنیکی سیاسی کە پەی بە ئاکامی تالی دەخالەتی جمهوری ئیسلامی لە عیراق بردوە، رۆشنبیران و نوسەران و هونەرمەندان و شاعیرانی لایەنگری ئازادی...چاوەروانی ئەوەیان لیدەکریت کە چالاکانە بۆ پوچەلکردنەوەی ئەم پیلانە چەپەلەو مەحکوم کردنی هاوکاری ئەنتەرپول لەگەلیدا، دەنگ هەلبرن، بە نوسین، بە ناردنی نامەی نارەزایەتی، بە ئیمزاکردنی یاداشتنامەی بە کۆمەڵ، بە بەریخستنی چالاکی جۆراوجۆر ....بەشداری بکەن لە هەوڵ و خەباتیک کە لەم پیناوەدا بەریخراوە. هەر دوو حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق و کوردستانیش دەبی ئەم مەسەلەیە زۆر بە جدی بگرن و دەوریکی تایبەتی و گەورە بگیرن لە پوچەلکردنەوەیدا.

200-12-24

---

## پیلانی زەبونانەی رژێمی ئیسلامی ئێران لەدژی ئۆپۆزیسیۆن مەحکومە!

بەپێی راگەیاندنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران-حیمکەتیست، جمهوری ئیسلامی ئێران پیلانێکی دژی هەڵسوڕاوانی سیاسی و رابەران و چالاکوانانی ئۆپۆزیسیۆن لە دەرەوەی وولآت دارشتوە کە دەیەوێ لەرێگای پۆلیسی نێو دەوڵەتی (ئینتەرپوڵ)ەوە بەرێوەی بەرێت. بۆئەم مەبەستە جمهوری ئیسلامی تۆمەتی تیرۆرو تاوانی رێکخراوی داوەتەپاڵ ئەو کەسانەو داوای لە ئینتەرپوڵ کردوە بۆ دەستگیرکردنیان. پۆلیسی ئەنتەرپوڵیش رەسمی ئەوکەسانەیان وەکو کەسانی مەتڵوب (wanted) بڵاوکردۆتەوە تا لەورێگایەوە بتوانن شوێن وجێگایان پەیدابکەن و دەستگیریان بکەن. دیارە ئەگەر ئەم پیلانەی رژێمی ئیسلامی ئێران و ئەم هاوکاریە کوێرو ئەحمەقانەیەی ئینتەرپول سەربگرێ ئەوا ئەگەری تەسلیمکردنەوەیان بە رژێمی تیرۆریستی ئێران ئەگەرێکی کراوەدەبێت! ئەوکەسانەی کەتائێستا لەلایەن پۆلیسی ئینتەرپولەوە رەسمیان بڵاوکراوەتەوە و بۆیان دەگەڕێن: کوروشی مودەریسی سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران-حیکمەتیست و ژمارەیەکی دیکە لە ئەندامانی رابەری و کادرە ناسراوەکانی ئەو حیزبەی تێدایە.

بێگومان ئەم پیلانەی رژێمی تیرۆرپەروەری ئێران لەدژی رابەران و هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی کرێکاری و تێکۆشەرانی ئازادیخوازو یەکسانیخواز تایبەتی وسەرجەم ئۆپۆزیسۆنی سیاسی ئەم رژێمە بەگشتی، کە لەرێگای پۆلیسی نێودەوڵەتییەوە دەیباتەپێش، بۆئەوەیە کە دەستی سەرکوتی ئەم رژێمە هارو درندەیە بگەیەنێتە دەرەوەی وولآتیش و هیچ شوێنێکی ئارام بۆ نەیارانی سیاسی رژێمەکەی نەهێڵێتەوە. هاوکات پەیامێکیش بە خەڵکی ئازادیخوازو نارازی ناوخۆی ئێران بدات کە بێجگە لە تەسلیمبوون و ملدان بەرژێمە دژی بەشەریەکەی ئەو هیچ رێگایەکی تریان لەپێش نیە! ئەگەر رژێمی سەرکوتگەری ئیسلامی ئێران لەناوخۆی ئێران بە زەبری کوشتار و زیندان و سێدارە هەڵسوڕاوانی کرێکاری وکۆمۆنیستی و خەڵکی ئازادیخوازو نارازی و نەیارە سیاسەکانی خۆی بێدەنگ دەکات و لەناویان دەبات، ئەوا ئێستا بەهاوکاری ئینتەرپوڵ دەیەوێ دەستی دەزگای سەرکوت وداپڵۆسین و تیرۆری بگەیەنێتە نەیارانی سیاسی و ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی خۆی لە دەرەوەی وولآتیش!

ئەگەر ئەم پیلانەی رژێمی جمهوری ئیسلامی ئێران سەربگرێ، نەک کۆمەڵێک ئینسانی ئازادیخوازو یەکسانیخوازو تێکۆشەری رێگای ئازادیی چینی کرێکارو ئازادیخوازی و ئینسانیەت لەئێران روبەروی هەڕەشەی مەرگ دەبنەوە، بەڵکو دەبێتە پێشینەیەکی مەترسیدار بۆ هەموو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لەدەرەوەی وولآت و لەمەش ترسناکتر دەبێتە کارتێکی دەستی هەموو رژێمە سەرکوتگەر و درندەو دژی ئازادی و دژە ئینسانیەکانی دیکەی دنیا کە ئارامی و ئاسایشی ژیانی نەیارانی سیاسی خۆیان لە دەرەوەی سنورەکانی دەسەڵاتی خۆشیان هەڵگرن. بەمجۆرە هیچ شوێنێکی ئارام بۆ ئەو کەسانە نامێنێتەوە کە بەهۆی بیروباوەڕو هەڵسوڕانی سیاسیانەوە لەژێر هەڕەشەی زیندان و سێدارەدان!

وەستانەوە بەدژی ئەم پیلانە دزێو قێزەونەی رژێمی تیرۆریستی ئیسلامی ئێران لەدژی هەڵسوڕاوانی کۆمۆنیستی کرێکاری و سەرجەم ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی ئەو رژێمە ئەرکی هەموو کەس و لایەنێکی ئازادیخوازو ئینسادۆستە لە هەرجێگایەکی ئەم جیهانەدا بێت، بەتایبەتی ئەو کەس و لایەنانەی کەخۆیان قوربانی ستەم و سەرکوت و داپڵۆسینی رژێمە سەرکوتگەرەکانن و یاخود لەدژی سەرکوت و بێمافی و لەپێناوی ئازادی و یەکسانی و مافە ئینسانی ومەدەنیەکان خەبات دەکەن.

ئێمە لەحیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان-رێکخراوی دەرەوە، کە زۆر بە قووڵی خەتەری ئەم پیلانەی رژێمی ئێران هەست پێدەکەین، بەوپەڕی تواناماوە تێدەکۆشین بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەم پیلانەو داواش لە هەموو کەسایەتی سیاسی و دەزگاو رێکخراوە ئینساندۆستەکان و لایەن و حیزبە سیاسیەکانی کوردستان و دنیاش دەکەین کە لایەنگری ئازادی هەڵسوڕانی سیاسی و ئازادیی بیروباوەڕن، بەوپەڕی لێبراویەوە و بەشێوازی خۆیان کاربکەن بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو پیلانەی رژێمی ئیسلامی ئێران لەدژی ئۆپۆزیسیۆن و رووی نارەزایەتیەکانیان بکەنە پۆلیسی ئینتەرپوڵ و جمهوری ئیسلامی ئێران یان سەفارەتخانەکانی ئەو رژێمە لە دەرەوەی وولآت.

**رێکخراوی دەرەوەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

2009-12-18

---

## پاشماوەی...چەند قسەیەک سەبارەت بە بەرنامەی"دنیایەکی باشتر"

کرێکاری کوردستانو ڕوبەرووبوونی ڕاستەوخۆی لەگەڵ دەسەلاتی بزوتنەوەی بۆرژوا- ناسیونالیستی کورد، بەوێنەی ئۆپۆزیسۆنی ئەم دەسەلاتە. کە مەسەلەی زۆر جدین و پێویستە بە دیقەتەوە لە بەرنامەدا بگونجێنرێن.

هاوکات چەندین مەسەلەی تری گرنگی تریش هەن کە پیویستی بە ئیزافە، ئاڵوگۆر، هەیە لە بەرنامەدا. لەوانە مەسەلەی ڕوبەڕوبونەوەی پیسبوونی ژینگەو ئاڵوگۆری کەش و هەواو کاریگەریەکانی بەسەر بەشەریەتی دنیادا، بریتین لە دوو پرسی زۆر گرنگی ئەم سەردەمەو داهاتوو کە دنیا سەراسیمەی گۆرانکاریەکانیەتی. هەروەها مەسەلەی سوپای و جێگاو ڕێگای سوپای خۆبەخش و حیرفەیی، مەسەلەی پەیوەندی و ڕایەڵەکانی بەیەکەوە بەستنەوەی دنیا لەزمینەی ئەنتەرنێت و تۆرە ئاسمانی و زەمینیەکان و بەیەکەوە گرێدانی دنیا و نەخشی لەم سەردەمەدا...تاد، تا دەگات بە چاوخشاندنەوەی بە بەرنامە لە بارەی وەرگێرانەوە دیارە لێرە مەبەست بەکوردی کردنی نییە، بەڵکە مەبەست سادەکردنەوەو هاوکات ڕاستکردنەوەی ئەو وشەو دەستەواژانەیە کە وەرگێرانەکەی ووردو پر دیقەت نییە، یان قورسەو ئاسان تیگەیشتنی سانا نییە،... ئەمانە ئەو مەسەلانەن کە دەبێ جارێکی تر سەرنجیان بدرێتی و .... بەو هیوایەی ئەم بابەتە دەروازیەکی کردبێتەوە بۆ بەشداری هەموو هەڵسوڕاوانی و کادرانی ڕەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاریی تا بەشداری لەم تەوەرەیەدا بکەن.

2009-12-12

ژمارە (43)    31/12/2009
دوا لاپەڕە
October

سەرنووسەر: خەسرەو سایە

دەستەی نووسەران: موزەفەر عەبدوڵا، حەمەغفور، نوری بەشیر، سامان کریم، سەعید ئەحمەد، عامر سابیر، عەبدوڵامحمود، محسن کەریم، جەمال موحسین، شوکاک عبدالستار، تاهیر حەسەن، جەبار موستەفا
پەیوەندی ڕاستەوخۆ بە سەرنووسەرەوە:
مۆبایل: 07708924173 یان 07707679334
نۆرماڵ: 3128931    نوینەری دەرەوە: نوری بەشیر 00447960669896

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
www.hkkurdistan.org
Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk
:october_917@yahoo.com

# شەپۆلێکی کوشتن و تیرۆر، شاری سلێمانی دەگرێتەوە!

لەماوەی دوومانگی ڕابردوودا زیاتر لە 6 حاڵەت کەئاماژە بۆکردەوەی تیرۆریستی دەکەن، ڕەوشی ئەمنی شاری سلێمانی بەرەو شپرزەیی بردووە. دواین حاڵەتی ئەم کردەوە تیرۆریستیانە ڕفاندنی کارمەندێکی ڕۆژنامەی هاولاتی بووە کەلەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە دەستی بۆبراوە.
ئەم ڕووداوانە کەلەچوارچێوەی بارگرژی و توندبوونەوەی کێشە وپێکدان و هەڵپڕژینە ئیعلامیەکانی ئەم دوایانەی نێوان گۆڕان ویەکێتی‌دا هاتوتە کایەوە، بەتەواوی سەرنجی چاودێران وخەڵکی بەئاگای شاری سلێمانی بۆلای خۆی ڕاکێشاوە و بۆتەمایەی نیگەرانیەکی گەورەی خەڵک. هاوکات ئەم کردەوانە لەحاڵێکدا دەستی بۆدەبرێت کەنارەزایەتی خەڵکی شارۆچکەی پیرەمەگرون، سەردەقی دەنگی نارەزایەتی ناوچەکانی تری سنوری پارێزگای سلێمانی شکاندووە و دۆخێکی نارەزایەتی گشتی هێناوەتە کایەوە. هەرچەند ئەم کردەوانە بەشێکی زۆریان دەچێتە خانەی کردەوەی تیرۆری سیاسی‌یەوە و هەندێکی کەمیشیان بەرهەمی سەرهەڵدانەوەی کێشەی کۆمەلایەتین، کەلەڕابردوودا ڕوویانداوە بەلام حاکم قادر بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی لەمبارەوە ئەوەی ڕاگەیاندووە کە تیرۆری سیاسی لەکوردستاندا بوونی نییەو ئەوەشی کەڕوویداوە بەرئەنجامی کێشەی کۆمەلایەتین..
بەلام تیرۆرو ئینسان دزین و کوشتن بەتایبەتی لەبەرامبەر هەڵسوراوانی سیاسیدا لەکوردستان و لەژێرسایەی ئەحزابی میلیشیایدا یەک خەسڵەتی بەردەوامە. بەتایبەتی ئەم حزبانە کە نەقەبوولی بردنە پێشەوەی ئیختلافاتی سیاسی بەشێوە سیاسی و شارستانیانە دەکەن و وەنە دەتوانن تەحمولی ڕای جیاوازی بەرامبەریان بگرن، بەپێویست دەستبردن بۆ ئیغتیلات و کوشتن و لێدان وئینسان فڕاندن دەکاتە حاڵەتێکی نۆرماڵ بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە سیاسی‌یەکان. بەلام ئەم شەپۆلە تیرۆریستی‌یەی ئەم جارە ڕاستەوخۆ بۆسەرکوت وترساندنی دەنگی نارەزایەتی جەماوەر وچوک دادانی خەڵکە لەبەرامبەر دەسەلاتداران و فەرامۆش کردنی داخوازیەکانیانە. لەلایەکی تریشەوە ئەم کردەوانە فەزای ترس و تۆقاندن بەسەرکۆمەڵگادا زاڵ دەکا و دەستی باندە تیرۆریستی‌یە نهێنییەکانی ولاتانی دراوسێش ئاوەلا دەکات تا لەنێو گێژاوی تیرۆریزمدا زەربە لەئۆپۆزسیۆنی چالاکی خۆیان لەنێوخاکی کوردستانی عێراقدا بدن و بیکەن بەژێرپێی کێشەو ململانێی نێوان حزب ولایەنە دژبەیەکانی ناوخۆوە.
ئەم کردەوانە لەلایەن هەرلایەن و گروپێکەوە ئەنجام درابێت و لەپشتیەوە هەرسیاسەت ولایەنێک ڕاوەستابێت کردەوە گەلێکی ڕیسواو مەحکومە و ڕاستەوخۆ بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادیە سیاسی‌یەکان و تێکدانی ئەمنیەت وئارامی هاولاتیانی کوردستانە. کردەوەیەکە بۆسەرکوتی نارەزایەتی جەماوەری خەڵکی هەقخوازی کوردستان وچۆکدادانیەتی. دەسەلاتداران بەپلەی یەکەم بەرپرسیاری ئەمنیەت وئارامی کۆمەڵگا و زامنکردنی ئازادی هەڵسوڕانی سیاسین، هاوکات خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان دەبێ بەهەستیاریەوە لەم ڕووداوانەو لەهەرلایەنێکی تری میلیشیایی بڕوانن و بۆ بەرگرتن بەکردەوانەو ئاشکرا کردنی ئەنجامدەرانی بێنە مەیدانەوە و ڕێگانەدەن کیشەو ململانیی‌ی نیوان باڵەکانی ناسیونالیزمی کورد بەبەرتەسککردنەوەی ئازادیەسیاسیەکان و تێکدانی ئەمنەیەتی هاولاتیان و داسەپاندنی فەزای ترسو تیرۆر بۆسەرسەریان تەواوببێت. دەبی هەموو ئەولایەنانەی کەرابردوویان هەیە بەرامبەر بەم کردەوانە بەرپرسیاربکرێن ولەبەردەم چاودێری توندی هاولاتیاندا بن.

**بلاوکراوەی ئۆکتۆبەر**

## لەئارادابوونی ئازادی بیقەیدوشەرتی سیاسی بۆهەموو لایەنەکان ، مەرجی لەسەرکاربوونی دەسەلات وحکومەتیکی مەدەنییە!

## پاشماوەی.. سەرچاوەی بە سیستماتیک کردنی تاڵانی و

دەسەڵاتەوە سیستماتیک کراوە. موچەی و ئیمتیازی هەر بەرپرسێکی باڵای حزبی و هەر وەزیر و هەر پەرلەمانتارێک بەبەراود بە موچەی کارمەندان و فەرمانبەران و داهاتی تاک لە کۆمەڵگادا .... گەندەڵی و دزییەکی نائاسایمان نیشان ئەدات و بەرجەستە ئەکات، ئەمە جگە لەو هەموو ئیمتیازانەی کە بەشێوەی ڕەسمی تر وەریدەگرن. ئەگەر دەڵێین خەلاَتی ئەوانە دەکەین کە گەندەڵی ئاشکرا دەکەن، ئەوا موچەی هەموو بەرپرسە باڵا حزبیەکانی یەکێتی و پارتی و موچەی هەموو بەرپرسە باڵاکانی حکومەت و یەکە ئیداریەکان، لەسەر بنەمای گەندەڵی و بە سیستماتیککردنی دزی و تاڵانیەکی ئاشکرا دارێژراوە. فەرموون ئەمانە بابچنە بەردەم داداگایەکی سەربەخۆو عادلانە، بزانین چەند کەسیان، پاک دەرئەچن؟
دوای ئەوەی تالانچیان و دزانی وەکو ڕۆژ دیار درانە دادگایەکی سەربەخۆو عادلانەی ئاشکرا، ئەوکاتە جێگەی خۆیەتی بیر لەبەدوا داچوون بە گەندەڵیشدا بکرێتەوە. بەڵام سەیر ئەوەیە تاڵانچیان و فەهودچیانی حزبی دەسەڵات بەدەست، دێن باسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دەکەن، لەکاتێکدا خۆیان نەک لەگەندەڵیدا بەڵکە لە تیرۆری ئابوری کۆمەڵگا بەشی شێریان پێبراوە.
کۆتاییهێنان بە دزی تاڵانی و لەگەڵیشدا بنەبڕکردنی دیاردەی گەندەڵی، ئەرکی بزوتنەوەی چەپ و ڕادیکالیزمی کۆمەڵگایە. بزوتنەوەیەک دەتوانێ کۆتایی بە فەهودی داهاتی کۆمەڵگاو گەندەڵی بهێنێت کە خوازیاری بەرابەری ئابوری و کۆمەڵایەتی،.... بێت. هیچ کام لە حزب و باڵەکانی بزوتنەوەی قەومی کورد، دژی نابەرابەری ئابوری نین. بۆیە بانگەشەکەیان جگە لە مزایەدەیەکی سیاسی هاوکات گەمەیەکی سیاسییە بۆ ئیحتیواکردنی نارەزایەتیە ڕادیکاڵ و پێشکەوتخوازەکان کە بەدژی تاڵانی و گەندەڵیدا لەمەیداندایە.
2009-12-28




## دواستوون

# وەزارەتی کارو دیپۆرت کردنەوەی کرێکارانی دەرەکی و هەڵوێستەیەک!

**حسێن ساڵح**



ڕۆژی 27/12 هەواڵێک لەلایەن وەزارەتی کارەوە بلاوکرایەوە، کەگوایە کۆمەڵێک کۆمپانیای وەهمی لەکوردستان کاردەکەن وکریکارانی بیانیان بۆکار هێناوەتە کوردستانەوە، بەم هۆیەشەوە بریاری دیپۆرت کردنەوەیان بەسەردادراوە، ئەم کریکارانە پێشتر لەلایەن وەزارەتی کاری عێراقیەوە هاتونەتە عێراق و لەناوچەی سەوزدا دەست بەکاربوون ولەوێشەوە بۆکارپەیدا کردن ڕوویان لەشارەکانی کوردستان کردووە. بەلام بەمەبەستی ڕاگرتنی شەپۆلی کۆچ کردنی ئەم کریکارانە وەزارەتی کاروباری کۆمەلایەتی حکومەتی هەرێم لیژنەیەکی پێکهێناوە بۆڕاوەدوونان وگرتنی ئەم کریکارانە وناردنەوەیان بۆئەو ولاتانەی کەلێوەی هاتوون. بەهانەی ئەم هەنگاوەی دەسەلاتدارانی کوردستانیش ئەوەیە کەئەم کرێکارانە یاسایی نیین و مۆڵەتی کاریان لەحکومەتی هەریم وەرنەگرتووە و سەر بەو کۆمپانیایانە بوون کەگرێ بەستیان لەگەل حکومەتی عیراقیدا کردووە!! هێشتا ئەوەش لەگوماندایە کەدەسەلاتدارانی کوردستان بۆبەرژەوەندی خۆیان تاچەند دەستیان لەگەل کۆمپانیا فرە ڕەگەزی‌یەکانی نیوخۆی عیراقدا تێکەڵ کردووە، تاپێکەوە ئەم هەنگاوە چەپەڵە لەدژی کریکارانی دەرەکی ببەنە پێشەوە. جیگای خۆیەتی ئاماژەبەوە بدەین کەلەکاتێکدا ئەم سیاسەتە لەدژی کریکاران بەڕێوە دەبرێت کە سەندیکای کرێکارانی کوردستانی سەربە حزبە دەسەلاتدارەکان بوونیان هەیە و هیچ قسەیەکیش نەبەزاریاندا دێت ونەخۆیان دەکەنە خاوەنی کێشەیەکی ئاوا. ئەمەلەکاتێکدایە کەئەم کریکارانە بژیویان بەپەیداکردنی کارەوە بەندە ولەوەش نامرۆڤانەتر نییە کەنانبراو بکرێن.
بەلام دەسەلاتدرارانی کوردستان و لیژنەی کاروباری کۆمەلایەتی بۆچی دەست بۆدیپۆرت کردنەوەی کرێکارانی دەرەکی دەبات؟ ئایا کوردستان جیگای ئەم جۆرە ئینسانانەی تیا نابێتەوە کەدەستیان لەڕاپەراندنی پرۆژە ئابووری‌یەکاندا هەیەو وەک بەرەئنجامێکی ڕوتێکردنی سەرمایەی دەرەکی وهاتنی سەدان پرۆژەی بیانی بۆعێراق و کوردستان ئەوانیش بۆ کارپەیداکردن ڕەدووی ئەم شەپۆلە کەوتوون!.
دەسەلاتدارانی کوردستان کەڕۆژانە باس لە حکومەتی فیدراڵی عێراقی دەکەن وخۆیان بەبەشێک لەدەوڵەتی عێراق دەزانن و داوای بەشی بۆدجە و سەرمایە دەکەن، کەچی ئەو کریکارانەی کەپێشتر لەڕێگای گرێ بەستی دەوڵەتی عیراقەوە هاتونەتە ناوچەکەوە بەڕەسمی ناناسن و لەسەرو هەموو پڕەنسیپێکی ئینسانیانەوە خەریکی بێکارکردن و بڕینی موچەی ئەم ئینسانانەن، کەجگەلە کارکردن هیچ مەرامێکی تریان نییە. بێگومان هەنگاوێکی ئاواش نیشان دەدات کەناسیونالیزم و دەسەلاتەکەی نەک هەرلەڕوانگەی سەرمایەی قەومی وبازاڕی بەرژەوەندی‌یەکانی خۆیانەوە سەیری بەهای ئینسانەکان ورۆڵیان لەکۆمەلگادا دەکات بەڵکو ئامادەیە بۆ مەرامی قازانج پەرستی خۆیان ژیان وبژێوی لەهەرئینسانێک بسەنێننەوە. ئەم دەسەلاتە کە ڕۆژانە پشی پشی بۆ سەرمایەو پرۆژەو کۆمپانیا بیانیەکان دەکەن و ئامادەن بۆ ڕاکێشانی دەستی سەرمایەکانی دەرکی بۆناوخۆی کوردستان، هەموو تەنازولێک بکەن، بەلام ڕێگا نادەن بەکریکارانێک بۆکارکردن لەکوردستاندا بمێننەوە. ئەمەلەکاتێکدایە کەهیچ شتێک لەوەسادە تر نییە حکومەتی عیراقی بەرپرس بکەن و ڕێگاچارەی شیاو بۆ لەسەرکار مانەوە و وەرگرتنی مافی ئەم کریکارانە هەنگاو بنێن. دەرکردنی کریکارانی دەرەکی بەم شیوەیە و بەبی حساب بۆ کردنی ڕەنج ومیحنەت و مافی ژیان وکاریان جارێکی‌تر دەسەلاتدارانی کوردایەتی وەک هەرحکومەت ودەسەلاتیکی سەرمایە لەمەحەکی دژی کرێکاری ودژی ئینسانی دەداتەوە.